
# چاپکراوی نوێ


لـەم رۆژانـەدا کتێبـی (دڵشـاد مەریوانـی.. نوێـکاری چیرۆکـی کـوردی) لەگـەڵ چەنـد درامـاو چیرۆکێـك کـە لـە کۆبەرهەمەکەیـدا نیـن، لەلایـەن چیرۆکنـووس و نووسـەر (سـابیر رەشـید) بـە چاپێکـی نـاوازەو بەرگێکـی قەشـەنگ و لـە دووتوێـی (٢٠٦) لاپـەڕەدا چاپکـراو کەوتـە بـەر دەسـتی خوێنەرانـەوە، ئـەم کتێبـە زنجیـرە (٤)ی پـرۆژەی (کتێبخانـەی چیرۆکـی کـوردی)ی نووسـەرە، لـە پێشـەکی ك تێبەکـەدا نووسـەر بـاس لـەوە دەکات کـە هەوڵـی زۆری داوە بـە گـەڕان بـەدوای ئـەو چیـرۆك و درامایانـەی دیکـەی مەریوانـی کـە لـە کۆچیرۆکەکـەی سـاڵی ٢٠١٣ دا نیـن کـە نووسـەر د. ئـازاد حەمـە شـەریف چاپـی کـردووە، بۆیـە نووسـەر لـە سـەرجەم رۆژنامـەو گۆڤارەکانی کوردی و عەرەبیدا گەڕاوە، جگـە لـە سـوودوەرگرتن لـە کتێبـی (بیبلیۆگرافیـای چیرۆکـی کـوردی ١٩٢٥-١٩٨٣)ی مامۆسـتا حوسـێن عـارف کـە لـە سـاڵی ١٩٨٧ چاپـی کـردووە، لـە بەشـێکی دیکـەی کتێبەکـەدا (سـابیر رەشـید) بیبلیۆگرافیـای سـەرجەم چیرۆکەکانـی دڵشـاد مەریوانـی بـە پێـی سـاڵی نووسـینیان بڵاوکردۆتـەوە، یەکەمیـان: کۆمەڵـە چیرۆکەکانـی کـە بریتیـن لـە: (دڵدارانـی شـۆڕش)، (یەکـەم هەنـگاو)، (دێـر یاسـین)،(بە پەنجەکانـم دەتبینـم)، دووەم: سـێزدە چیـرۆك کـە لـە گۆڤـارو رۆژنامەکانـدا بڵاوکراونەتـەوە. لـە لێکۆڵینەوەیەکیشـدا نووسـەر ئامـاژەی بە بیروڕای دڵشاد مەریوانی دەکات لەبـارەی چیرۆکـی کـوردی بـە گشـتی و نوێکاریـی چیرۆکـی کـوردی بـە تایبەتـی لـە نووسـینەکانیداو پوختـەی چەنـد چیرۆکێکـی بـە نموونـە بـۆ ئـەو نوێکارییـە هێناوەتـەوە..

دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە چیرۆکنووس و نووسـەر ( سـابیر رەشـید) دەکەیـن و هیوادارین ئـەم بەرهەمـە بەپێـزەی تەواوکـەری پـرۆژەی (کتێبخانـەی چیرۆکـی کـوردی) بێـت و بـە ئومێـدی بەردەوامبـوون و داهێنـان.



# شەڕی داعش و هێرشی حەشد

## پێشمەرگە لە سەرکەوتنێکی جیهانی و کوردستان لە قۆناغێکی نوێ دا




ئەم کتێبە، ڕووماڵێکی پێشمەرگەیی و سیاسی و مێژوویە سەبارەت بە شەڕی داعش و دواتر هێرشی داگیرکەرانەی حەشد بۆ سەر کوردستان. ئەرشیف کردن و نوسینەوەی قۆناغێکی مێژووی کوردو کوردستانە لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ تا سەرەتای ٢٠١٨. سەرهەڵدانی داعش و پەلاماریان بۆ سەر کوردستان، ڕۆژژمێری بەرگری و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، ڕەنگدانەوەی ئازایەتی و پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە لە جیهاندا، هەڵوێست و لێدوانەکانی وڵاتان، سەردانی سەرۆک و بەرپرسان و فەرماندە باڵاکانی وڵاتان بۆ کوردستان، سەدان وێنەی پێشمەرگەو بەرەکانی شەڕ، تاوانەکانی داعش، مەلەفی تایبەت بە کەرکوک و کوبانێ و شنگال و موسڵ، ڕۆڵ و کاریگەرییە پێشمەرگەیی و دیپلۆماسی و سیاسیەکانی سەرۆک بارزانی، هەڵوێستی مەردانەی چین وتوێژەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، پیلان و پەلامارەکانی حکومەتی عێراق و هێرشی حەشدی شەعبی و تاوانەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، لەگۆڕنانی پیلان و پەلامارە داگیرکارییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەئەنجامی هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی سەرۆک بارزانی و داستانە مێژووییەکانی پێشمەرگە و بەرگری و قوربانیدان لەپێناو پاراستن و هێشتنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان.
ئەمانەو چەندین تەوەری دیکە ناوەرۆکی ئەم دۆکیۆمێنتارییە پێکدەهێنن بە زانیاری و شرۆڤەو وەڵامی چی و بۆچی و پرەوە سەبارەت بەوەی کە، لەسەر زۆربەی ئاست و هەڵوێستەکانی ناوخۆ و دەرەوە لە ماوەی ئەم دوو شەڕەدا چی ڕوویداو چۆن ڕوویدا، چی کراو چی وتراو ئەنجام چی بوو.

شەڕی داعش و هێرشی حەشد

قارەمان مەهدی

(شەڕی داعش و هێرش حەشد، پێشمەرگە لە سەرکەوتنێکی جیهانی و کوردستان لە قۆناغێکی نوێ دا) ناونیشانی کتێبێکی دیکیۆمێنتارییە لە نووسین و ئامادەکردنی (قارەمان مەهدی). نووسەر لەم کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەر لە سەرەتای شەڕی داعشەوە تا شەڕی حەشد هەوڵی داوە ڕووداوەکان یاداشت و تۆماربکات بە پشت بەستن بە بەڵگەو زانیارییەکان، دیارە لەم ڕووەوە هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بووە کە ئەرشیفێکی نووسین و ڤیدیۆ و فۆتۆی بەربڵاوی کۆکردۆتەوە، کە سەرئەنجام ئەو ئەرشیفە ئەم کتێبە دیکۆمێنتارییەی لە هەڵێنجاوە.

ناوەڕۆکی ئەم دیکۆمێنتارییە لە شرۆڤەو زانیاری و بەڵگەی ورد پێکهاتووە، سەبارەت بە سەرهەڵدانی داعش و پەلاماریان بۆسەر کوردستان، ڕۆژژمێری بەرگری و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شەڕی داعش و چۆنێتیی ڕەوتی ڕووداوەکان، دەیان هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوو گۆڤارو کەناڵە جیهانییەکان تایبەت بە شەڕگەکان و ئازایەتی و پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە، هەڵوێست و لێدوانەکانی وڵاتان، سەردانی سەرۆک و بەرپرسان و فەرماندە باڵاکانی وڵاتان بۆ کوردستان، سەدان وێنەی پێشمەرگەو بەرەکانی شەڕ، تاوانەکانی داعش، دۆسێی تایبەت بە کەرکووک و کۆبانێ و شنگال، ڕۆڵ و کاریگەرییە پێشمەرگەیی و دیبلۆماسی و سیاسییەکانی سەرۆک بارزانی.

(کتێبی (شەڕی داعش و هێرش حەشد، پێشمەرگە لە سەرکەوتنێکی جیهانی و کوردستان لە قۆناغێکی نوێدا) لە(٤٦٠) لاپەڕە و(٣١) بەش سەرەکی پێکهاتووەو (٧٢٠) وێنە لەخۆدەگرێت و نووسەر سوودی لە(٢٥) سەرچاوە وەرگرتووە. بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە پیرۆزبایی لە (قارەمان مەهدی) دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە دیکیۆمێنتارییە و بە هیوای بەرهەم و نووسینی زیاتر.



# بە بیرکردنەوەی ئازاد
# ئازادیی ئایینی گەشە دەکات

ئـازادی لـە بنەڕەتـدا مافێکی خواپێـدراوە بـە گشـت مرۆڤـەکان، بۆیـە نابێـت کـەس منـەت بەسـەر کەسـێکی دیکـەدا بـکات، چونکـە هەروەکـو کـەس ئـازادی بـە تـۆ نـەداوە، تـۆش ئازادیت بەکـەس نەداوە، کەسی دیکەش ئازادی بـە کەسـانی دیکـە نـەداوە.

ئـازادی لەگـەڵ لەدایکبوونمانـدا دێتەبـوون، بۆیە خودا ڕێگەی بە کەس نەداوە خەڵکی دی بـکات بـە کۆیلـە لەکاتێکدا ئـەوان بـە ئازادییـەوە لەدایکبـوون.

لـە کتێبـی (ئەلموغنـی) (ئیبنـو قودامـەی مەقدیسـی)دا، قسـەیەکی جـوان هەیـە دەڵێـت: «خودا ئادەم و نەوەکانی ئادەمی بە سەربەستی و بە ئازادی دروستکرد، بۆیە بۆ هیچ مرۆڤێك نییە خۆی بکات بە کۆیلە بۆ کەسێکی دی، تەنانـەت ئەگـەر بـە ڕەزامەندیـی خۆیشـی بێـت، چونکـە ئـازادی مافێکـە هـی خودایـە، یانـی خودا بە تۆی داوە، تۆ ناتوانیت لەجیاتی خودا بڵێـی مـن دەسـتبەرداری دەبـم، هەمـوو خـاوەن زانسـتە شـەرعییەکانیش لەسـەر ئـەم خاڵـە کـۆك و هـاوڕان.»

خودا ئازادی پـێ بەخشـیوین، بـەم ئازادییـەش دەکرێـت پێشـبکەوین، دەشـکرێت دوابکەوین، چونکـە کاتێـك ئازادیـت بـە ئاراسـتەی مرۆڤدۆسـتی و ژیاندۆسـتی و پێشـکەوتن و نیشـتمانپەروەری و خزمەتکردنـی ئینسـانەکان و خـاك و خەڵـك دەبێـت، ئەوسا بەرهەمـی ئـازادی وەك خـودی ئـازادی جـوان دەبێـت، بێگومـان پێچەوانـەی ئەمـەش هـەر ڕاستە، چونکە ناکرێت بـە نـاوی ئازادییـەوە، ئازادی ناشیرین بکەیت و یاساشـکێنیی بکەیت، بۆیـە گوتراوە: ئازادیـی تـۆ لەوێوە کۆتایی پێدێت، کە ئازادیی ئەوانی دی دەسـت پـێ دەکات.

کاتێـك ژمـارەی ئۆتۆمبێلـەکان زۆر زیـاد دەبـن، ناکرێـت هەمووبـان لەیـەك کاتـدا لەهـەر چـوار لای چوارڕیانەکەدا دەربچن بۆ ڕۆیشتن، کەواتـە چـی بکەیـن بـۆ ڕێکخسـتنی ئـەوەی کـێ بـڕوات و کـێ بوەسـتێت؟

دێیـن ئازادی بە لێپرسراویەتی و بەرپرسیاریەتی پەیوەسـت دەکەیـن و، بەپێـی سیسـتەمی هاتوچـۆ ڕێکیـان دەخەیـن: کاتێـك کـە گڵۆپەکـە سـوور دەبێـت، ئـەو لایـە دەبێـت بوەسـتێت، ئـەو کاتـەی کـە گڵۆپەکـە سـەوز دەبێـت، دەبێـت بـڕوات.

ئەمـە کـێ دایهێنـا؟ خۆمـان دامانهێنـا، بۆچـی؟ بـۆ ئـەوەی ئاراسـتەی ئازادییەکانمـان بەریـەك نەکـەون.

لەگەردوونیشدا ئەم هەمـوو مانـگ و هەسارە ئەسـتێرانە ئازادن لـە جووڵەیاندا و هیـچ کاتێکیش لـە جووڵـە نەکەوتـوون، بـەڵام جوانییەکەیـان لەوەدایـە کـە ئازادییەکەیـان ئازادییەکـی بەرپرسـیارانەیە،



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

وەك بڵێی بزانن ئەگەر ڕۆژێك بەریەك بکەون، کۆتاییان پێدێت.

کەواتە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەشدا بۆ ئەوەی ئازادیی هیچمان پێشێل نەکرێت، دەبێت بەپێی یاسا ئازادیی بەرپرسیارانە پیادە بکەین، بۆ ئەوەی کەس مافی کەس نەخوات. لە بواری ئایینیشدا چونکە زۆرکردن لە دیندا نییە، دەبێت تۆ ئازاد بیت لە هەڵبژاردنی ئاییندا، واتە پێش ئەوەی ئایینت هەبێت، تۆ بە ئازادی بیردەکەیتەوە. ئەم پرۆسەیە چیمان پێدەڵێت؟ پێمان دەڵێت: ئازادی لە پێش ئایینە، چونکە ناکرێت ئایین بە سەر کەسێکدا بە زۆر فەرز بکەیت، بەڵکو دەبێت خۆی بیری لێ بکاتەوە، تا دەگاتە ئەنجام.

ئەمە لە ڕاستیدا ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەم ئینسانە دوای هەڵبژاردنی ئایین عیبادەت ئەنجام دەدات، جا ئەگەر موسڵمان بێت، ئەگەر جوو بێت، ئەگەر مەسیحی بێت، ئەگەر بوزی بێت، ئەگەر هندۆسی بێت، ئەگەر هەر ئایینێکی هەبێت، دواجاریش هەر سروتێکی عیباداتی و پەرستنی خودا، دەبێت بە خۆشەویستیی خوداوە ئەنجام بدرێت، چونکە پێنلسی زۆرێك لە عاریفان بۆ عیبادەت بریتییە لە: ئەوپەڕی پەرستنی خودا، بە ئەوپەڕی خۆشویستنی خوداوە.

بۆیە لە جوانییەکانی ئایینی ئازادی ئەوەیە مرۆڤ ئازاد بێت، ئەگەر ئەم ئینسانە بە ئازادی خۆی ڕێگە و بڕوا و باوەڕی خۆی هەڵبژێرێت، باوەڕی هەمیشەیی و دامەزراو دەبێت، بەڵام ئەگەر بە زۆر و سەپاندن بێت، باوەڕی کاتی و لەرزۆك دەبێت. بۆیە هەمیشە گوتوومە و دەیڵێم جوانترین نموونەیەك بۆ تێگەیشتن لە ئایین لەم ناوچەیەدا، کوردستانە، لە کوردستاندا ئەوەی خۆی پۆشتە دەکات ئازادە و ئەوەشی کە پۆشتە نەبێت، هەر ئازادە، هەر ئایینێك هەڵدەبژێرێت ئازادیت، وەزارەتەکەشمان لە هەرێمی کوردستان ناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینییە، تەنانەت نەمانگوتووە کاروباری ئیسلامی، بۆ ئەوەی جێگەی ئایینەکانی دی بکەینەوە.

هەرێمی کوردستان نە مەزهەب فەرز دەکات، نە ئایین، نە جلوبەرگ، بەڵکو نموونەیەکی جوانی بەرجەستەکراوی ئایین ئەمەیە کە ئێمە لە کوردستاندا دەیکەین، شیعە بیت، یان سوننە، موسڵمان بیت، یان مەسیحی، یان ئێزدی، یان جوو، یان سابیئەی مەندائی، یان بەهائی، یان زەردەشتی، یان یارسان بیت، هەموو ئەمانە لە هەرێمی کوردستاندا جێگەیان دەبێتەوە، چونکە بە بیرکردنەوەی ئازادانە و بە تێگەیشتنی کوردانە، ئازادییە ئایینییەکانمان پاراستووە.

### قۆناخێکی تازەی حوکمڕانی لە کوردستاندا

# ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بونیادنانی ژێرخانێکی پتەو بۆ کەرتی تایبەت





لە ١٦ی نۆڤمبەری ٢٠١٦ و لە میانەی پێشکەشکردنی پەیامەکەی بە بۆنەی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعش و کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش لە کوردستاندا، سەرۆك مسعود بارزانی ئاماژەی بەوە کرد، ئیدی سەردەمێکی نوێ دەستپێدەکات و ئەگەر لایەنە سیاسییەکان نییەتی پاکیان هەبێت، دەتوانین هەموو کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵام ئەگەر ئەم نییەتە بوونی نەبێت، ئەوا چیتر چاوەڕێی هیچ لایەك ناکەین و خۆمان بارودۆخەکە چارەسەر دەکەین.

بارزانی لەم پەیامەیدا راشکاوانە خاڵبەندیی وشەکانی کردو دەستی خستە سەر برینەکان و ئاشکرای کرد کە چیتر حوکمڕانی لە کوردستاندا لەناو فەوزای سیاسیدا بەڕێوە ناچێت و دەبێت بیر لە ئایندەیەکی گەش بۆ کوردستان بکرێتەوە، لەلایەك هەوڵ بدرێت بە زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکرێت، لەلایەکی دیکەش بانگەشەی سەرجەم حزبە سیاسییەکانی کوردستانی کرد، بۆ ئەوەی بە نییەتێکی پاکەوە بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی کوردستان بکەنەوە. بێگومان ئەو کاتیش لە (نوڤەمبەری ٢٠١٦) بارزانی پێشبینی ئەوەی کردبوو کە هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی لوغمی سیاسی بۆ پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دابنێن و تووشی کارەساتێکی گەورەی بکەنەوە، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، چۆن لوغمەکانی تیرۆریستانی داعشمان پووچەڵ کردەوە، ئەوا ئەو لوغمە سیاسییانەش کە بۆ پرۆسەی سیاسیی کوردستان دادەنرێنەوە، ئەوانیش پووچەڵ دەکەینەوە

دیارە ئەو پێشبینییانەی بارزانی پێش ساڵێك کردبووی، بەوەی هەوڵێك هەیە دژی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم قەوارە سیاسییە، هاتەدی و لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ زۆر راشکاوانە دەمامکیان لە رووی خۆیان هەڵماڵی و بە ئاشکرا داوایان لە بەغدا کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەمێنێت و حکومەتێکی ئینقازی نیشتمانی دابمەزرێت، بۆ ئەوەی هێندەی دیکە بارودۆخە سیاسییەکە ئاڵۆز بێت و نەتوانرێت هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسیی یەکگرتوو بپارێزدرێت.

لەم بارودۆخە سەختەدا، لەسەر راسپاردەی سەرۆك بارزانی، نێچیرڤان بارزانی (سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی کوردستان) داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کرد، پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ئایاری ٢٠١٨، بەڵام هیچ لایەنێکی سیاسی ئامادە نەبوو کە پێش هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت، لەمەش زیاتر بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە حیسابی خۆیان وایان دانابوو کە پارتی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق شکستێکی گەورەی بەسەر دێت و دوای ئەوەش ئیدی جادەکەیان بۆ تەخت دەبێت بۆ ئەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەبار بەرن، بەڵام بە پشتیوانی خوا و گەلی کوردستان، ئەم خەونەیان بۆ نەهاتەدی و پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای ئەوەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووکیشی کردبوو، بووە یەکەمین حزبی سیاسیی براوە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان.

ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی پارتی لەسەر ئاستی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ئایاری ٢٠١٨، بووە هاندەرێکی دیکە کە سەرۆك مسعود بارزانی بەرنامە بۆ کوردستانێکی بەهێز و قۆناخێکی تازەی حوکمڕانی لە کوردستاندا دابرێژێت، هەر لەسەر ئەم نەخشە رێگەی سەرۆك بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨ بەشداری کردو، لەکۆی ١٠٠ کورسیی پەرلەمان، ٤٥ کورسی بەدەستهێنا. بەمەش ئەو بەرنامەیەی بارزانی بۆ بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز دایڕشتبوو، لە میانەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بووە ئەمری واقیع و بنەمای وتووێژەکانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش کابینەی نۆیەم دامەزرا و متمانەی پەرلەمانی کوردستانی وەرگرت، لەو ماوە کورتەشی کە کابینەی نۆیەم دەست بەکاربووە، هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە دەرکەوتوون

**سەرۆک بارزانی پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی لوغمی سیاسی بۆ پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دابنێن و تووشی کارەساتێکی گەورەی بکەنەوە، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، چۆن لوغمەکانی تیرۆریستانی داعشمان پووچەڵ کردەوە، ئەوا ئەو لوغمە سیاسییانەش کە بۆ پرۆسەی سیاسیی کوردستان دادەنرێنەوە، ئەوانیش پووچەڵ دەکەینەوە**

**لەسەر راسپاردەی سەرۆک بارزانی، نێچیرڤان بارزانی (سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی کوردستان) داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کرد، پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ئایاری ٢٠١٨، بەڵام هیچ لایەنێکی سیاسی ئامادە نەبوو کە پێش هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت**

**بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە حیسابی خۆیان وایان دانابوو کە پارتی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق شکستێکی گەورەی بەسەر دێت و دوای ئەوەش ئیدی جادەکەیان بۆ تەخت دەبێت بۆ ئەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەبار بەرن**

کە ئەولەوییەتی کارەکانی بە شەڕی دژی گەندەڵی و بەهێزکردنی کەرتی تایبەت دەست پێدەکات.

**● کابینەی نۆیەم و کارکردن وەك یەك تیم**

مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دوای سوێندخواردنی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، بەرنامەی کابینەکەی خوێندەوە و، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، دوای ئەوەی وەزیرەکانی ئەم کابینەیە سوێندی یاسایی دەخۆن، ئیدی وەزیری حزبەکانی خۆیان نین و وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستانن. جەختکردنەوەی سەرۆك وەزیران لەسەر ئەم خاڵە لەناو بەرنامەی کابینەکەیدا، مانای ئەوەیە هەرسێ لایەنی بەشدار (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) کە سێ لایەنی سەرەکین لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە هەرسێ لایان لەناو کابینەی نۆیەمدا وەك یەك تیم پێکەوە کاربکەن و هەوڵبدەن پێکەوە بەرنامەی حکومەت جێبەجێ بکەن.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پەیامەکەی سەرۆك بارزانی کە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش لە کوردستان ئاماژەی پێکردبوو، راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ئەگەر نییەتپاکی و پێکەوەکارکردن هاتەئاراوە، ئەوا کێشە ناوخۆییەکان و کێشەکانی حوکمڕانی بەو ئاستە قورس نین کە نەتوانرێت چارەسەر بکرێن، لەمەوە ئەگەر سەیری ئەو دەسپێکە بکەین کە کابینەی نۆیەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان دەستی پێکردووە، ئەوا هەر لەسەرەتاوە دەکرێت بە گەشبینییەکی زۆرەوە سەیری سەرکەوتنەکانی کابینەی نۆیەم لەم قۆناخە تازەیەدا بکەین.

دیارە لای تێکڕای خەڵکی کوردستان، کێشەی گەورە و سەرەکی کە بۆتە ئاستەنگ لەناو پرۆسەی حوکمڕانی و رێگر بۆ حکومەت بۆ ئەوەی بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ بکات، لە پێش هەموویانەوە، دیاردەی گەندەڵییە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هەموو هەوڵەکان هەتا ئێستا بەو ئاراستەیە بوون کە دیاردەی گەندەڵی وەك دیاردەیەکی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی و دامەزراوەیی پێناسە بکەن، بەڵام لە بنەڕەتدا دیاردەی گەندەڵی لە کوردستاندا، پێش ئەوەی گەندەڵیی دارایی و دامەزراوەیی بێت، دیاردەی گەندەڵی سیاسییە و لە ناو ژینگەی فەوزای سیاسی و ئیرهابی فیکریدا خۆی پێناسە دەکاتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر چاوێك بە هۆکارەکانی لاوازیی کاری دامەزراوەیی و بەهەدەردانی سامانی نیشتمانی وەك دوو دیاردەی زەقی گەندەڵی لە کوردستاندا بخشێنینەوە، ئەوا زۆر ئاسانە کە ئەو راستییانە ئاشکرا بکەین، کە ژێرخانی لاوازیی کاری دامەزراوەیی و بەهەدەردانی سامانی نیشتمانی، رەگ و ریشەکەی پەیوەندی بەو سیستمی حزبایەتییەوە هەبووە کە هاتۆتە ناو پرۆسەی حوکمڕانی و ئاڵۆزییەکی گەورەی لەناو پرۆسەکە دروست کردووە، ئاستەنگێکی گەورەش بووە لە دروستبوونی هاوسەنگی و هەماهەنگی لەنێوان هەر چوار دەسەڵاتەکەی (سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری) کە بتوانن پێکەوە وەك یەك تیم تەواوکاری یەکتری بن و پرۆسەی حوکمڕانی بە شێوەیەکی رێکوپێك هەڵبسووڕێنن.

کەواتە کاتێك لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی ئەم کابینە تازەیەدا، هەست بەو هاوسەنگی و هەمانگییە لەنێوان هەر چوار دەسەڵاتە سەرەکییەکەی پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستان دەکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە لە پرۆسەی دووبارە رێکخستنەوەی کۆی پرۆسەی حوکمڕانیدا کە حکومەت رۆڵی جێبەجێکاری تێدا دەگێڕێت، ئاراستەیەکی جددی بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی دێتەئاراوە.

ئەزموونی نەتەوەکانی جیهان بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی لە یەکتری جیاوازن و هەر پرۆسەیەك خەسڵەتی نەتەوەیی خۆی هەڵدەگرێت، هەر بۆیە پرۆسەی هیچ نەتەوەیەك تەنانەت ئەگەر تا ئەوپەڕی لە وڵاتی خۆی سەرکەوتوو بووبێت، ناکرێت و ناشێ ئەو پرۆسەیە بۆ نەتەوەیەکی دیکە و لە وڵاتێکی دیکە کۆپی بکرێتەوە. پسپۆڕان و ئەندامانی رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی کە ساڵانە راپۆرتی خۆیان لەسەر ئاستی گەندەڵی لە کۆی وڵاتانی جیهان بڵاودەکەنەوە، لەم راپۆرتە ساڵانەیەدا، راستە ئەو سێکتەرانە زۆر بە

**ئەو پێشبینییانەی بارزانی پێش ساڵێک کردبووی، بەوەی هەوڵێک هەیە دژی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم قەوارە سیاسییە، هاتەدی و لەدوای ١٦ای ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ زۆر راشکاوانە دەمامکیان لە رووی خۆیان هەڵماڵی و بە ئاشکرا داوایان لە بەغدا کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەمێنێت و حکومەتێکی ئینقازی نیشتمانی دابمەزرێت**

**پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای ئەوەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووکیشی کردبوو، بووە یەکەمین حزبی سیاسیی براوە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان**

**ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی پارتی لەسەر ئاستی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ئایاری ٢٠١٨، بووە هاندەرێکی دیکە کە سەرۆک مسعود بارزانی بەرنامە بۆ کوردستانێکی بەهێز و قۆناخێکی تازەی حوکمڕانی لە کوردستاندا دابرێژێت**



**لەو ماوە کورتەشی کە کابینەی نۆیەم دەست بەکاربووە، هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە دەرکەتوون کە ئەولەوییەتی کارەکانی بە شەڕی دژی گەندەڵی و بەهێزکردنی کەرتی تایبەت دەست پێدەکات**

وردی دەستنیشان دەکرێت کە لە هەر وڵاتێکدا گەندەڵی تێدایە، بەڵام کەموکورتیی راپۆرتی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لەوەدایە کە زۆر بە وردی ئەو فاکتەرانە دەستنیشان ناکات، کە بوونەتە هۆکاری دروستبوونی گەندەڵی لە هەر سێکتەرێکی دەوڵەتدا، هەر بۆ نموونە: کاتێك زۆر بە توندی هەڵوەستە لەسەر گەندەڵیی ناو سێکتەری دەسەڵاتی دادوەری دەکات و بەشی زۆری هۆکارەکانی گەندەڵی دەگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نییە و سەروەریی یاسا پێشێل کراوە، لەم حاڵەتەدا راپۆرتەکان راشکاوانە ئەو فاکتەرانە دەستنیشان ناکەن کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی دەسەڵاتی دادەوری لەو وڵاتە سەربەخۆ نییە، یان سەروەریی یاسا نەپارێزراوە.

لەسەر ئەم ئاراستەیە ئەگەر بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو فاکتەرانە بکەین کە لە وڵاتە جیاوازەکاندا بوونەتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی گەندەڵی، ئەوا وێڕای ئەوەی شێواز و ئەو سێکتەرانەی گەندەڵییان تیادا بۆتە دیاردە جیاوازن، بەڵام خاڵێکی هاوبەش لە نێوان هەموو ئەو دەوڵەتانەدا هەیە کە فاکتەری



سەرەکیی پشتی هەر دیاردەیەکی گەندەڵی، دیاردەی گەندەڵیی سیاسییە.

دەوڵەتانی رۆژئاوا بەتایبەتی (ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا) ساڵانێکی زۆر هەموو هەوڵەکانی خۆیان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت و بونیادنانی دامەزراوەی بەهێز لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو تەرخان کرد، بەڵام پاشان دەرکەوت بە کۆپیکردنەوەی ئەزموونی رۆژئاوا نە دەوڵەتی بەهێز و نە دامەزراوەی بەهێز دروست نابێت، بەڵکو وەك فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی (لەبەر یەکهەڵوەشانی سیاسی) ئاماژەی پێکردووەو نووسیوویەتی: (پرۆسەی پەرەپێدان لە دەوڵەتدا، هاوشێوەی پرۆسەی پەرەپێدانی شانەکانی ناو جەستەی کۆرپەلەیە، ئەوجا چۆن (کۆدی جینی) ئاراستەی شێوە و روخساری کۆرپەلە دیاری دەکات، بەهەمان شێوە کۆدی سیاسیی دەوڵەتیش ئاراستەی پەرەپێدان لە ناو دەوڵەتدا دیاری دەکات)، ئەم دەستنیشانکردنە وردە لە نێوان پەرەپێدانی دەوڵەت و پەرەپێدانی بایۆلۆژی، ئەوەمان پێ دەڵێت: کۆدی سیاسی لە ناو پرۆسەی سیاسی هێندەی (کۆدی جینی) لە پرۆسەی پەرەپێدانی بایۆلۆژی گرنگە، ئەوجا ئەگەر بۆ ئەو کۆدە سیاسییەی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان بگەڕێین کە دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئاراستەکردنی ریشەکێشکردنی گەندەڵی و بەردەوامی پرۆسەی پەرەپێدان، ئەوا بێگومان وەك سەرۆك بارزانی زۆر لۆژیکانە ئاماژەی پێ کردووە، دروستکردنی سەقامگیریی سیاسییە لەناو پرۆسەی سیاسی و یەکخستنی هەوڵەکانە بۆ نەهێشتنی فەوزای سیاسی و ئیرهابی فیکری.

سەبارەت بە نهێنیی دۆزینەوەی کۆدی سیاسی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی حوکمڕانی، ئاشکرایە کە گەندەڵیی سیاسی لە هەموو دەوڵەتێکدا سەرچاوەی سەرەکییە بۆ ناسەقامگیریی سیاسی، لەناو ژینگەی ناسەقامگیری سیاسیشدا، توانای کاری پێکەوەی وەك یەك تیم دابەش دەبێت و دژایەتی و ئاستەنگ دروستکردن لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەتدا بەدەر دەکەوێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لە پرۆسەیەکی سیاسیی سەقامگیریدا، توانا جیاوازەکان لە دەوری یەك ئیرادە کۆدەبنەوە، کە ئەویش ئیرادەی حوکمڕانییە، لەم حاڵەتەدا کێشە و ئاستەنگەکان چەند زۆر و قورسیش بن، بەڵام لە بەردەم ئەو ئیرادەیە خۆی ناگرێت کە دڵسۆزی بۆ پیادەکردنی حوکمڕانییەکی باش هەموو لایەنە جیاوازەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە.

مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو ژینگە سیاسییە تازەیەی لە کوردستان هاتۆتەئاراوە لە وتارەکەیدا کە رۆژی ١٨ی تەمموزی ٢٠١٩ لە واشنتۆن پۆست بڵاوکراوەتەوە، زۆر بە ئومێدەوە هەنگاو هەڵگرتنەکانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی

**مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دوای سوێندخواردنی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، بەرنامەی کابینەکەی خوێندەوە و، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، دوای ئەوەی وەزیرەکانی ئەم کابینەیە سوێندی یاسایی دەخۆن، ئیدی وەزیری حزبەکانی خۆیان نین و وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستانن**

**دیاردەی گەندەڵی لە کوردستاندا، پێش ئەوەی گەندەڵیی دارایی و دامەزارووەیی بێت، دیاردەی گەندەڵی سیاسییە و لە ناو ژینگەی فەوزای سیاسی و ئیرهابی فیکریدا خۆی پێناسە دەکاتەوە**

**کاتێک لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی ئەم کابینە تازەیەدا، هەست بەو هاوسەنگی و هەمانگییە لەنێوان هەر چوار دەسەڵاتە سەرەکییەکەی پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستان دەکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە لە پرۆسەی دووبارە رێکخستنەوەی کۆی پرۆسەی حوکمڕانیدا کە حکومەت رۆڵی جێبەجێکاری تێدا دەگێڕێت، ئاراستەیەکی جددی بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی دێتەئاراوە**

بەرنامـەی کابینەکـەی ئامـاژە پـێ کـردووە، پشتئەسـتوریی خـۆی لـە سـەرکەوتنی لـە شـەڕی دژی گەندەڵی ڕاگەیاندووە، ئەم پەیامە ئەوەمان پـێ دەڵێـت کـە سـەرۆك وەزیرانـی کوردسـتان کـۆی بەرنامـەی حکومەتەکـەی وەك یـەك پاکێج سەیردەکات و هەوڵی هەمەلایەنە دەخاتە گەڕ بۆ ئـەوەی هەمـوو سـێکتەرەکان پێکـەوە ڕێکبخاتـەوە، ئەم پێکەوە گرێدانەوەیە کە لە ڕووی تیۆرییەوە لەوانەیە هەندێك بە قورس ئاڵۆز سەیر بکرێت، بـەڵام ئەگـەر کابینـەی حکومـەت هەمـوو پێکەوە وەك یـەك تیـم بـۆ جێبەجێکردنـی بەرنامـەی حکومـەت کاربکـەن، ئـەوا ئـەو هەماهەنگـی و هاوکارییـەی لەنێوان سێکتەرە جیاوازەکان دروست دەبێـت، خـۆی لـە خۆیـدا دەبێتـە فاکتەرێـك بـۆ سـەرکەوتنی کـۆی بەرنامەکـە وەك پاکێجێـك لـە هەمـوو بـوارە جیاوازەکانـدا.

**● بەهێزکردنـی کەرتـی تایبـەت و بوونـی بـە سـەرچاوەیەك بـۆ هەلـی کار**

لەگـەڵ ئـەوەی کەرتـی تایبـەت لـە دەرەوەی حکومـەت و بـە پشتبەسـتن بـە ئابووریـی بـازاڕ کارەکانـی خـۆی ڕێکدەخـات، بـەڵام حکومـەت و حوکمڕانـی بریتییـە لـە (کەرتـی گشـتی و کەرتی تایبەت) هیچ کام لەم دوو کەرتەش لە سیاسـەت و سـتراتیژیەتی حوکمڕانی نایەنەدەرەوە، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە سیاسـەتی حوکمڕانـی و ئـەدای حکومـەت شـێوازی کارکـردن و گەشـەی کەرتی تایبـەت لەبـەر ڕۆشـنایی ئابـووری بـازاڕ ڕێکدەخاتـەوە.

کێشـە و گرفتەکانـی کەرتـی تایبـەت لـە هەرێمـدا هـەر چیيـەك بـن و چەنـد بـن، بـە پلـەی یەکـەم ڕەنگدانـەوەی سیاسـەتی حوکمڕانـی هەرێمـی کوردسـتانە، لـە چۆنیەتـی دروسـتکردنی هاوسـەنگی و هەماهەنگی لەنێوان کەرتی گشـتی و کەرتـی تایبەتـدا، بێگومـان ئـەم هاوسـەنگی و هەماهەنگییـە لەنێـوان کەرتـی گشـتی و کەرتـی تایبـەت بـە ئاسـتێك لاوازە کـە دەشـێت بڵێیـن: نـە کەرتی گشـتی توانیویەتـی فەزایەکـی گـەورە بـۆ فراوانبوونـی کەرتـی تایبـەت بکاتـەوە، نـە کەرتـی تایبەتیـش توانیویەتـی بـە دروسـتکردنی هەلـی کار و وەبەرهێنـان، بـاری سەرشـانی حکومـەت سـووك بـکات، یـان کەرتـی گشـتی دروسـت بـکات، لەمـەش زیاتـر، ئێسـتا لاوازیـی هەماهەنگـی و هاوکاریـی نێـوان کەرتـی گشـتی و کەرتـی تایبـەت، فەوزایەکـی تێکـەڵاوی لـە نێـوان هەلـی کاری هـەردوو کەرتدا دروست کردووە، بەمانایەکی دیکـە ئـەو بـوارەی کەرتـی تایبـەت بـۆ هەلـی کار دروسـتی دەکات، بێـکار ناکاتـە خاوەنـکار، بەڵکـو فەرمانبـەری حکومـەت دەکاتـە خاوەنـی دووکار لـە هـەردوو کەرتـی گشـتی و تایبەتـدا.

لەنـاو ئـەو پـرۆژە یاسـای چاکسـازییەی کـە کابینـەی هەشـتەمی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پێشکەشـی پەرلەمانـی کـرد و ناسـەقامگیریی سیاسـی نەهێشـت ببێتـە یاسـا، زۆر بـاس لـە فەرمانبـەری دوو مووچـە و سـێ مووچـە کـراوە و، لەنـاو پرۆژەکـە جەخـت لەسـەر ئـەوە کراوەتـەوە کـە نابێـت دیـاردەی دوو مووچـە و سـێ مووچـە لەنـاو فەرمانبەرانـی حکومـەت بمێنێـت، بـەڵام پرسـیاری گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە، ئایا ئەگـەر فەرمانبەرێـك (ئەوجا هـەر پیشـەیەکی هەبێـت) سـەرباری ئـەوەی کـە فەرمانبـەرە هەوڵیـش بـدات لـە کەرتـی تایبەتیـش ببێتـە خاوەنـی کار، ئەمـە هەلێکـی کارکـردن لـە هاونیشـتمانییەکی ئـەم وڵاتـە داگیرنـاکات؟ کەواتە حکومـەت و سیاسـەتی حوکمڕانـی لەسـەر بنەمـای هەماهەنگـی و هاوسـەنگی هـەردوو کەرتـی گشـتی و کەرتـی تایبـەت دادەمەزرێـت، ئەوجا کاتێـك ئـەم هاوسـەنگییە بوونـی نەمـاوە، ئـەوا سـاڵانە لـە کوردسـتاندا کەرتـی تایبـەت فـراوان دەبێـت، بـەڵام دیـاردەی بێـکاری و خواسـتی گەنجـەکان بـۆ دامەزرانـدن لـە کەرتـی گشـتیدا گۆڕانـکاری بەسـەردا نایـەت.

پرۆسـەی بزنـس و وەبەرهێنـان لـە ئێسـتای کوردسـتاندا پرۆسـەیەکی گشـتگیری هەمەلایەنەیە و لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـی ڕۆژانـەی کۆمەڵگـەدا کەرتـی تایبـەت ڕۆڵـی هەیـە. دەکرێت بڵێیـن هـەر لـە دایەنگاکانـی پەروەردەکردنـی منداڵانـەوە تـا دەگاتـە باخچـەی سـاوایان و قۆناخەکانی خوێندنی بنەڕەتی و زانکۆ، کەرتی تایبـەت لـە کەرتـی گشـتی فراوانتـرە، بـەڵام سـاڵانە ئێمـە کێشـەی دامەزراندنـی دەرچوانـی زانکـۆ و پەیمانگاکانمـان لـە بـواری پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن و خوێندنـی بـاڵا هەیـە. پرسـیاری گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە: باشـە ئـەو

**لە پرۆسەیەکی سیاسیی سەقامگیریدا، توانا جیاوازەکان لە دەوری یەک ئیرادە کۆدەبنەوە، کە ئەویش ئیرادەی حوکمڕانییە، لەم حاڵەتەدا کێشە و ئاستەنگەکان چەند زۆر و قورسیش بن، بەڵام لە بەردەم ئەو ئیرادەیە خۆی ناگرێت کە دڵسۆزی بۆ پیادەکردنی حوکمڕانییەکی باش هەموو لایەنە جیاوازەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە**

**سەرۆک وەزیرانی کوردستان کۆی بەرنامەی حکومەتەکەی وەک یەک پاکێج سەیردەکات و هەوڵی هەمەلایەنە دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی هەموو سێکتەرەکان پێکەوە ڕێکبخاتەوە**

**ئەگەر کابینەی حکومەت هەموو پێکەوە وەک یەک تیم بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت کاربکەن، ئەوا ئەو هەماهەنگی و هاوکارییەی لەنێوان سێکتەرە جیاوازەکان دروست دەبێت، خۆی لە خۆیدا دەبێتە فاکتەرێک بۆ سەرکەوتنی کۆی بەرنامەکە وەک پاکێجێک لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا**



هەموو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و ئەو هەموو مامۆستایەی لە کەرتی تایبەت کاردەکەن کە ژمارەیان لانیکەم بە دەیان هەزار کارمەند هەژمار دەکرێن، بۆ نەبوونە هۆکاری ئەوەی بواری دامەزراندن بۆ ئەو گەنجانە بکرێتەوە کە ساڵانە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان دەردەچن؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە بەشێکی زۆری ئەو مامۆستا و سەرپەرشتیارانەی پەروەردەیی لە هەردوو کەرتەکە کاردەکەن؟ ئەم حاڵەتە بۆ کەرتی پزیشکییش راستە، ئێستا لە کوردستاندا بەسەدان نەخۆشخانەی گەورەی ئەهلی کراونەتەوە کە هەر یەکێك لەم نەخۆشخانانە بە دەیان پزیشك و کارمەندی تەندروستی کاری تێدا دەکەن، بەڵام دیسان لەم بوارەشدا ساڵانە حکومەت کێشەی دامەزراندنی پزیشك و تەواوی کارمەندانی دیکەی تەندروستی هەیە، پرسیاری راشکاوانە ئەوەیە بۆچی ناکرێت ئەو پزیشکانەی لە کەرتی تایبەتی تەندروستی کاری خۆیان دەکەن، لە کەرتی گشتی جیابکرێتەوە و بوار بۆ سەدان هەزار گەنجی دیکە بێتە پێشەوە بۆ ئەوەی لە کەرتی گشتی کاربکەن. ئەم دوو نموونەیە بۆ تەواوی سێکتەرەکانی دیکەی کەرتی بزنس و وەبەرهێنان لە کوردستاندا راستن و نەتوانراوە ئەم کەرتە فراوانە بکرێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجانی ئەم وڵاتە.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، راستە کەرتی تایبەت لەدەرەوەی دامودەزگاکانی حکومەت کاری خۆی بەڕێوەدەبات، بەڵام گرنگە جەخت لەسەر ئەو راستییەش بکەینەوە کە کەرتی تایبەت لە دەرەوەی پرۆسەی حوکمڕانی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەرتێکی تایبەتی بەهێز بەردی بناخەی حوکمڕانی سەرکەوتووە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و لە پێناوی بەهێزکردنی کەرتی تایبەت، سەرۆك وەزیرانی کوردستان لە وتارەکەیدا لە واشنتۆن پۆست، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرچاوەی داهاتی حکومەت دەکاتە سەرچاوەیەکی هەمەجۆر و تەنیا پشت بە یەك سەرچاوەی داهات نابەستێت، بێگومان ئەم ئاماژەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان بە دیوێکی دیکەدا مانای ئەوەشمان پێ دەڵێت، کە سەرچاوەی مرۆیی کوردستان لە سێکتەرە جیاوازەکانی سەرچاوەی داهات دەخاتەگەڕ و ئەو داهاتەی لەو سەرچاوە جیاوازانە دەست دەکەون، بە پلەی یەکەم دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ داهاتی بەشێکی یەکجار زۆری هاووڵاتیانی کوردستان و بەتایبەتی دەبێتە سەرچاوەی داهات و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجانی کوردستان کە ساڵانە دێنە ناو بواری کارکردنەوە.

**لاوازیی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، فەوزایەکی تێکەڵاوی لە نێوان هەلی کاری هەردوو کەرتدا دروست کردووە**

**راستە کەرتی تایبەت لەدەرەوەی دامودەزگاکانی حکومەت کاری خۆی بەڕێوەدەبات، بەڵام گرنگە جەخت لەسەر ئەو راستییەش بکەینەوە کە کەرتی تایبەت لە دەرەوەی پرۆسەی حوکمڕانی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەرتێکی تایبەتی بەهێز بەردی بناخەی حوکمڕانی سەرکەوتووە**



**د. بەشیر حەداد**

جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# پەیامی سەرۆكی حكومەت بۆ بەغدا ئەوە بوو لە مافی خۆمان زیاتر داوا ناكەین و كەمتریش قبووڵ ناكەین

**سەردانەکەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراقەوە بە گرنگییەوە وەسف کرا، لەو سەردانەیدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم جگە لەوەی گفتوگۆی لەسەر چەند کێشەیەکی هەڵپەسێردراوی نێوان هەرێم و بەغدا کرد، هاوکات چەند پەیامێکیشی ئاراستەی عێراق کرد، بۆ قسەکردن لەسەر سەردانەکە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، لێرەدا دەقی دیدارەکە بڵاودەکەینەوە.**

*** سەردانەکەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا چەند پەیامێکی لەخۆ گرتبوو، دیارە لە نزیکەوە یاوەری جەنابی سەرۆکی حکومەت و شاندی یاوەری بوون، ئایا دەکرێت باسی گرنگی سەردانەکە و ئەو دۆسیێ و تەوەرانەمان بۆ بکەن کە لەگەڵ لێپرسراوانی باڵای هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق گفتوگۆی لەسەر کرا؟**

- سەردانەکەی جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و پێشتریش سەردانەکەی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، هەردوو سەردانەکە گرنگیی خۆیان هەبوو، چونکە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم سەردانەیدا زۆر شتی بۆ حکومەت و پەرلەمان و شەقامی عێراقی روون کردەوە، چەند پەیامێکی روون و ئاشکرایشی پێ بوو، هەموو ئەم پەیامانەشی بە شەفافییەتەوە گەیاندە هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق، پەیامەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بریتی بوون لە:

پەیامی یەکەم: هەرێمی کوردستان جددییە لە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدا و خوازیاری پەیوەندییەکی بەهێز و تۆکمەیە لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ کە لەسەر بنەمای دەستوور و یاساکان بێت و دروستکردنی پەیوەندی لەسەر ئەم بنەمایە.


پەیامی دووەم: هەموو ئەو شتانانەی ئەمڕۆ لەسەر هەرێمی کوردستان باس دەکرێن، بەوەی گوایە هەرێمی کوردستان غەدر لە بەغدا دەکات و زیاتر لەبەشی خۆی لە بودجە دەبات و نەوت نادات، هەموو ئەمانە راست نین، لە بەرئەوەی ئەگەر ئیلتیزاماتیشمان لەسەر شان بێت بەرامبەر بەغدا، ئەوا نابێت ئەوە لەبیر بکرێت، کە لە بەرامبەردا مافیشمان لە بەغدا هەیە و نەدراوە، بەغدا چەندین ساڵە مافی هەرێمی کوردستانی پێشێل کردووە و ئامادە نەبووە شایستە داراییەکانی هەرێم بدات، تەنانەت زۆر شتی دیکەی پێویست کە دەبووایە بۆ هەرێم

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم سەردانەیدا زۆر شتی بۆ حکومەت و پەرلەمان و شەقامی عێراقی روون کردەوە**



بکرایە و بدرایە، کەچی نەدراوە، بۆیە دەبێت هەموو بابەتەکان لە هەردوو روانگەیەوە تەماشا بکرێن. بۆ نموونە: ئەگەر تەنیا مەسەلەی بودجە باس بکەین، ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەغدا لە ساڵی ٢٠١٤وە پشکی بودجەی هەرێمی نەناردووە، خۆ ئەگەر بەشەی بودجەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤وە بۆ ٢٠١٨ حیساب بکرێت، ئەوا دەردەکەوێت کە بڕە پارەیەکی زۆر لەهەرێمی کوردستان بڕاوە و غەدر لە خەڵکی کوردستان کراوە، خۆ ئەگەر هەموو ئەو شایستە داراییانەی کە تەنیا لە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە چوار ساڵی رابردوودا بڕاوە و نەدراوە بە هەرێمی کوردستان، حیساب بکەین، نزیکەی ٤٠ ملیار دۆلار دەبێت، بڕینی ئەم بڕە پارە گەورەیە لە کاتێکدا بووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیلتیزاماتی بەرامبەر هاووڵاتیانی لەسەر بووە و دەبووایە جێبەجێی بکردایە، بەتایبەتی بەرامبەر بە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و بە پارێزگای هەڵەبجەشەوە، هەر بۆیە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەو ناهەقییەی بەغدا بەرامبەری کردوویەتی و بەشە بودجە و شایستە داراییەکانی لێ بڕیبوو، بە ناچاری هەندێك ئیجرائاتی وەرگرتووە، لەوانە فرۆشتنی ئەو بڕە نەوتەی کە لەژێر دەستیدا بووە و خۆی لە خۆیدا لەسەرەتادا تەنیا رۆژانە ٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بووە، نەك ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا، بگرە ئەو بڕە نەوتەشی بە نرخێکی زۆر کەمتر فرۆشتووە بەراورد بە نرخی ئەو نەوتەی بەغدا دەیبردە دەرەوەو دەیفرۆشت، هەربۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناچاری تەنیا دەیتوانی مووچەی مووچەخۆران بە پاشەکەوتەوە بدات، ئەمە وێڕای ئەوەی حکومەت ناچار بوو تەقەشوفێکی توند پەیڕەو بکات، خۆ ئەگەر لەو رۆژە سەختانەدا خۆڕاگریی جەماوەری کوردستان نەبووایە، هەرگیز نەدەتوانرا ئەو چوار ساڵە سەختە بەڕێ بکرێت، هەربۆیە هەموو ئەو داهات و رسومات و دەستکەوتانەی ناوخۆ کە لە داهاتی فرۆشتنی نەوت و بوارەکانی دیکە لەو چوار ساڵەدا دەستمان کەوتووە، زیاتر نەبووە لە ٢٠ ملیار دۆلار، لەکاتێکدا ئێمە پێویستیمان بە ٤٨ ملیار دۆلار بووە، هەر بۆیە بەغدا ٢٨ ملیار دۆلار قەرزاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەلایەکی دیکەوە لەساڵی ٢٠٠٥ـەوە

**بەغدا چەندین ساڵە مافی هەرێمی کوردستانی پێشێل کردووە و ئامادە نەبووە شایستە داراییەکانی هەرێم بدات**



تا ئێستا لە حکومەتی عێراق شایستە داراییەکانی پێشمەرگە لەبیر کراوە، لە بەغدا نە مووچە و نە بودجە و نە چەك و تەقەمەنی بە پێشمەرگە دراوە، نە مەشق و راهێنانی پێ کراوە، هەروەها لەو قەرزانەی کە حکومەتی عێراق لە بانکی نێودەوڵەتی و شوێنەکانی دیکەوە وەریگرتووە، بەهیچ شێوەیەك بەشی هەرێمی کوردستانی نەداوە، لەلایەکی ترەوە ئەم هەموو نەهامەتی وماڵوێرانییەی بەسەر کورد هاتووە، هەر لە وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوند تاوەکو ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدبوون و ماڵوێرانی و دەربەدەربوون، کەچی هیچ قەرەبوو نەکراوەتەوە، لەکاتێکدا بەپێی ماددەیەکی دەستووری دەبوایە قەرەبوو بکرایەتەوە، ئەو ماددە دەستوورییە دەڵێت:(( حکومەتی عێراقی پێویستە قەرەبووی هەموو ئەو تاوانانە بکاتەوە کە رژێمی پێشوو بەرامبەر خەڵك کردوویەتی..))، ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی عێراق قەرەبووی تاوانەکانی رژێمی پێشووی دەرهەق بە کوێتی داوەتەوە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو قەرەبوونانە بەردەوامە و لە قوت و بژێوی میللەتانی عێراق دەبڕێت و دەدرێت بە کوێت و زیانلێکەوتووەکان، ئالێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە، ئایا بۆچی تا ئێستا قەرەبووی میللەتی کورد نەکراوەتەوە، نە لە ئەنفال و نە لە کیمیابارانی هەڵەبجە و نە لە هەموو ئەو تاوان و نەهامەتییانەی کە لەلایەن رژێمی پێشووەوە گەلی کوردستان بەسەریدا هاتووە؟ خاڵێکی دیکە گرنگیی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەری ناوچە جێناکۆکەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقە، کە دەبوایە بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی تا ٢٠١٧/١٢/٣١ کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان چارەسەر بکرایە و هەنگاوەکانی ماددەکە تەواو بووایە بە (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری راپرسی) یەوە، هەموو ئەمانە دۆسێی گرنگن و پێویستی بە گفتوگۆ و چارەسەرکردن هەیە لەبەغدا، چونکە هەموو ئەم دوسیێ و مافانەی هەرێم بەسەر بەغدا هەیەتی، جێبەجێ نەکراوە، کەچی باسی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت دەکرێت کە دەبێت رادەستی بەغدا بکرێت.

پەیامی سێیەمی سەردانەکەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا ئەوە بوو: ئێمە لەمافی خۆمان زیاتر

**ئەگەر بەشەی بودجەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤وە بۆ ٢٠١٨ حیساب بکرێت، دەردەکەوێت کە بڕە پارەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستان بڕاوە و غەدری گەورە لە خەڵکی کوردستان کراوە**

**لەو قەرزانەی کە حکومەتی عێراق لە بانکی نێودەوڵەتی و شوێنەکانی دیکەوە وەریگرتووە، بە هیچ شێوەیەک بەشی هەرێمی کوردستانی نەداوە**

**گریمان هەرێمی کوردستان بەشە بودجەی خۆی بە تەواوەتی وەرگرتبێت، کە لە ڕاستیدا وا نییە، ئەگەر ڕێژەی ١٧٪ی بودجەیان بۆ هەرێمی کوردستانی ناردووە، خۆ هێشتا ٨٣٪ی بودجەکە دەمێنێت، ئەی بۆچی خەڵکی عێراق وا بێ خزمەتگوزارین؟**

**عێراق بودجەو توانایەکی گەورەو زەبەلاحی هەیە و دەوڵەمەندە و ئەگەر بە دادپەروەری داهات و سامانەکەی دابەش بکەن، بەشی هەموو میللەتانی عێراق دەکات**

**ئێمە چۆن بەرگریی لەمافەکانی هەموو عێراقییەک دەکەین، پێویستە ئەوانیش هەروەها بەرگریی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن**

داوا ناکەین و کەمتریش قبووڵ ناکەین.

*** باشە سەرەڕای ئەو هەموو غەدرو پێشێلکارییە دەستووری و یاساییەی کە دەرهەق بە هەرێم و خەڵکی کوردستان کراوە، کەچی لەولاوە ماکینەیەکی ئیعلامی وا لەخەڵکی ئاسایی و هەژاری عێراقی گەیاندووە؛ کە هەرێمی کوردستان بەشی ئەوان دەخوات، ئەمە لەچییەوە هاتووە و چۆن ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتە ببینەوە؟**

- خۆی لەخۆیدا پەیامێکی سەردانەکەی جەنابی مسرور بارزانی بۆ بەغدا بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان بوو؛ بۆیە دووبارەی دەکەمەوە پەیامەکەی جەنابی مسرور بارزانی بۆ بەغدا پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا بوو، بەوەی توانیومانە بە خەڵکی عێراق بڵێین کە زۆر شت هەیە، ئێوە نایزانن، تاکی عێراقی نازانێت کە چ غەدرێك لە خەڵکی کوردستان کراوە و چ مافێکی هەرێمی کوردستان خوراوە و ناشزانێت خەڵکی ماڵوێرانی کوردستان هیچ قەرەبوو نەکراونەتەوە، بگرە چەند ساڵێکە بودجە و مووچەکەیان بڕیون. هەندێك پەرلەمانتار و خەڵکی ئاسایی سەرشەقامیش و خەڵکی بەسرا و ناسرییە و عەمارە و ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووت و هەژار و گوناهانە وا تێگەیەندراون کە هەرێمی کوردستان بەشی ئەوانی بردووە، ئەو هەژارانەی کە ئێستا بێبەشن لە کەمترین خزمەتگوزاریی حکومەتی عێراق و دەیان گرفتی ئاو و کارەبا و تەندروستی و پەروەردە و بێکارییان هەیە، دەیانەوێت وایان تێبگەیەنن کە ئەوە هەرێمی کوردستانە بەشی ئێوەی بردووە، بۆیە وا ئێوە بێناز و بێ خزمەتگوزارین، باشە وا گریمان هەرێمی کوردستان بەشەکەی خۆی (١٧٪) بە تەواوەتی وەریگرتبێت کە لە ڕاستیدا وا نییە، ئەگەر ڕێژەی ١٧٪ی بودجەیان بۆ هەرێمی کوردستانی ناردووە، خۆ هێشتا لە ٨٣٪ی بودجەکە دەمێنێت، ئەی بۆچی خەڵکی عێراق وا بێ خزمەتگوزارین؟ باشە ئەو بڕە پارە گەورەیەی بودجەی عێراق بۆ کوێ چووە؟ کوا هەلی کار بۆ گەنجەکان و کوا خزمەتگوزاری و ئاوی خواردنەوەی تەندروست و ڕێگاوبان و شەقامی باش و خزمەتگوزاریی تەندروستیی بەرز؟ خەڵکی بەسرا و ناسرییە بەهۆی بێ ئاوی و ئاوی خواردنەوەی خراپەوە تووشی دەیان نەخۆشی بوون، ئەوانەی باسی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم دەکەن، بۆ نایەن باسی ئەو هەموو غەدر و ناهەقییە بکەن کە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و خەڵکی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ئەنجامیان داوە، هەر بۆیە لەم کاتەداو ئەم سەردانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا زۆر گرنگ بوو، بەتایبەتی کە زۆر بە ڕوونی و شەفافییەتەوە پەیامەکانی گەیاندە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق، بەوەی؛ بەڵێ، ئێمە ئامادەین بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن؛ و ئامادەین لە سنوور و چوارچێوەی دەستووردا هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکەین، دواتر پەیامە گرنگ و گەورەکە ئەوە بوو، ئێمە لەمافی خۆمان زیاتر یەك فلسمان ناوێت و قبووڵیش ناکەین لە مافی خۆمان کەمترمان پێ بدەن.

بەمشێوەیە هەرسێ پەیامی (١- ئامادەین بۆ گفتوگۆ لەچوارچێوەی دەستووردا. ٢- ئەگەر ئێمە ئیلتیزاماتمان بەرامبەر بەغدا لەسەرە مافیشمان هەیە لە بەغدا. ٣- ئێمە لە مافی خۆمان زیاتر داوا ناکەین و کەمتریش قبووڵ ناکەین).

گەیاندنی هەموو ئەم پەیام و مەبەستە پێویستی بەو سەفەرەی جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، ئێمە پێویستیمان بەو زمانە یاسایی و واقیعییە هەبوو تاوەکو قسەیان لەگەڵ بکەین.

*** ئەم سەردانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا تاچەند بۆ ئێوەی نوێنەرانی کورد لەبەغدا گرنگ بوو تاوەکو بتوانن زیاتر کار لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بکەن؟**

- سەردانەکەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمەی نوێنەرانی کورد لەبەغدا چ وەکو پەرلەمانتار، چ وەکو وەزیرو بەرپرس، سەردانێکی گرنگ بوو، لەلایەك هێز و توانایەك بوو بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین ئەم پەیامە بەردەوامی پێ بدەین و بینای لەسەر بکەین بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا، لەناو پەرلەمان و شەقامی عێراق ڕاستییەکان بگەیەنین بە خەڵکی عێراق و



وابکەین چۆن خەڵکی عەرەب بەرگری لەخۆیان دەکەن، هەروەها بەرگریی لە ئێمەش بکەن، ئێمە لەبەغدا بەرگریی لەخۆمان دەکەین، بەڵام دەبێت وا لەو خەڵکەی عێراقیش بکەین بەرگریی لەمافی خوراوی خەڵکی هەژاری کوردستانیش بکەن، ئێمە چۆن بەرگریی لەمافەکانی هەموو عێراقییەك دەکەین، پێویستە ئەوانیش هەروەها بەرگریی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، عێراق بودجەو توانایەکی گەورەو زەبەلاحی هەیە و دەوڵەمەندە و ئەگەر بە دادپەروەری داهات و سامانەکەی دابەش بکەن، بەشی هەموو میللەتانی عێراق دەکات.

*** ئەم سەردانەی سەرۆکی حکومەت لەلایەن هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراقەوە بەگرنگ وەسف کرا، تەنانەت نیازپاکیشی گەیاندە لایەنی عێراقی، بەڵام تا چەند حکومەتی عێراقیش نیازپاکی بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی هەیە؟**


- سەردانەکە گرنگ بوو و هەر سێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و کۆمار و پەرلەمان بە گرنگ وەسفیان کردو ئەم سەردانەیان بە دەستپێشخەریی و هەنگاوێکی گرنگ زانی، پاش ئەم هەنگاوە ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی لیژنە پسپۆڕییەکانین بۆ ئەوەی پێشنیار و بەرنامە و پلان دابڕێژرێت بۆ چارەسەری مەسەلەی نەوت و بودجە و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە جێناکۆکەکان، بۆ هەریەك لەمانەش لیژنەی پسپۆڕایەتی دروست دەکرێت، بەم نزیکانەش کاردەکەین بەو ئومێدەی لە دوو سێ مانگی داهاتوودا هەموو کارەکان تەواو بن، پێش ئەوەی بودجەی ٢٠٢٠ ئامادە بکەین، ئەمەش زۆر گرنگە، چونکە بۆ ئەمساڵ بودجە و مووچەی ٢٠١٩ دابین کراوە و بۆ ساڵی ئایندە(٢٠٢٠) پێویستە ڕێککەوتنی نوێ ئەنجام بدرێت و ئەو ڕێککەوتنانەش دەبێت ستراتیژی و دوورمەودا بێت، نەك بۆ ماوەیەکی کورت بێت، بەڵکو ڕێککەوتنێکی وا لەنێوان کوردستان و عێراق واژوو بکرێت، کە بۆ چەندین ساڵ بێت، تاوەکو هەموو ساڵێك ئێمە تووشی ئەو کێشانە نەبینەوە.

# بەرەو گوتارێكی یەكگرتووی ئایینی لە پێناو كۆمەڵگەیەكی تەبا و وڵاتێكی نموونەیی

ئەوەی حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە كە گەلانی زیندووی جیهان هەر ئایین و بیروباوەڕێكیان هەبێت، یان كۆمەڵگەكەیان خاوەنی چەند ئایین و بیر و رەگەزی فرە بن، ئاسایشی نەتەوەیی و تەنایی خۆیان لە پێشینەی هەموو ئەركەكانیانە، لەهەمان كاتیشدا خودی ئایین دەكەنە ئامراز و چەكێكی بەهێز بۆ بەرگریكردن لە خاك و سنوور و خەڵك و تەنایی نیشتمانی و نەتەوەیی و جڤاكیی خۆیان، هەڵبەتە بۆ خۆی ناوەندە ئایینییەكان بە مزگەوت كڵێساكانیشەوە، گرنگیی هەرە بەرچاویان لە رووی كۆمەڵاتی و سیاسی و ژیاری و نەتەوەییەوە هەیە، بەتایبەتی ئەگەر بێت و بخرینە خزمەتی كۆی پرسە گرنگەكانی وڵات و كۆمەڵگەوە ئەوا لە پرسی تەناهی و تەبایی و كۆمەڵایەتی و تەندروستییەوە رۆڵی هەرە گرنگیان دەبێت، لە كاتێكدا نزیكەی حەوت هەزار مزگەوت لە كوردستانی باشوور بوونیان هەیە، بێجگە لە سەدان تەكیە و خانەقا و كڵێسا و هاوشێوەكانیان، ژمارەیەكی زۆریش لەو مزگەوت و خانەقایانە قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان هەیە، بێگومان پەرستگەی ئایینزاكانی دیكەیش بە هەمان شێوەن كە من بۆ خۆم لە ئێستادا زانیاریی ئەوتۆم لە سەریان نییە، هەر بۆیە زیاتر لە سەر مزگەوتەكان و ناوەندە ئیسلامییەكان دەدوێم، چونكە زۆرینەن.

لێرەوە ئەگەر ئاوڕێكی ورد لە خیتاب و دوانگەی مزگەوت و ناوەندە ئایینییەكانی خۆمان بدینەوە و بە وردی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ناوەندانە بكەین، ئەوا زۆر بە كەمی ئەوە دەبینین كە ئەو ناوەندانە خرابنە بواری خزمەت بە ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی و جڤاكیی هەرێمی باشوور، لە راستیدا وردبینی لەو بوارەدا بۆ ئەوەی بگەینە ئەو راستییەی كە ئەو ناوەندانە وەكو پێویست لە خزمەتی پرسی نەتەوەیی و ئاسایشی نیشتمانیدا نین، هیچ

**نزیكەی حەوت هەزار مزگەوت لە كوردستانی باشوور هەن، بێجگە لە سەدان تەكیە و خانەقا و كڵێسا و هاوشێوەكانیان، ژمارەیەكی زۆریش لەو مزگەوت و خانەقایانە قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان هەیە**



**د. عمر ڕەنگینەیی**

**مامۆستای زانکۆی سلێمانی**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

ماندووبوونێکی ئەوتۆی گەرەك نییە، هەر بۆ نموونە ئەگەر لە سێ مزگەوتی جیاوازدا و تەنیا لە یەك شاری کوردستاندا نوێژی هەینی بکەین، گوێمان لە خیتابی جیاواز و بەڵکو دژ بە یەکیش دەبێت، ئەو گوتارانەش نەك لە ئاستی پرسی نەتەوەییدا نین، بەڵکو لە ئاستی فیکر و بیری ئیسلامەکە خۆیشیدا نین، ئەمە بێجگە لەوەی ئەم خیتابە شپرزەیە زیانی فرە بە تەنایی و ئاسایشی جڤاکی دەگەیەنێت و زەبرێکی گورچکبڕیش بە خودی ئایینی ئیسلام و موسڵمانان دەگەیەنێت، ئەوەی زۆر جێگەی داخە پێشنوێژ و گوتارخوێنەکان سەرەڕای ئەوەی فەرمانبەری حکومەتن و مووچەی دەوڵەت وەردەگرن بە مەبەستی ئەوەی راڤەی دروست بۆ دەقەکان بکەن و تاکی موسڵمان ڕێنوێنی بکەن بۆ خزمەتی ئایین و کۆمەڵگە و نیشتمان، لەو ڕێگەیەشەوە خزمەتی بەرچاو بە ئیسلام و موسڵمانان و دواجاریش بە کۆی کۆمەڵگەی کوردەواری بکەن، لە هەمان کاتیشدا خزمەت بە بەرژەوەندیی کۆی پرس و بەها باڵاکانی ئایین و کۆمەڵگە بکەن، کەچی جۆرێك لە ناتەبایی و شپرزەیی دەخەنە ناو کۆمەڵی موسڵمانان، کە شیرازەی کۆمەڵایەتی و کولتووری پێکەوەژیانی ئایینی نەتەوەیی لێك دەترازێنن.

ئەوەی جێگەی داخە بەشێکی بەرچاو لە زانایان و شێخانی تەریقەتی بواری ئیسلامەتی هاوشێوەی باری نالەباری کۆمەڵگەکەمان لە رووی سیاسییەوە دابەش بوون بە سەر حیزب و لایەنە سیاسییەکاندا، سەردانی هەر مزگەوتێك بکەیت و گوێت لە گوتاربێژەکەی بێت، یەکسەر دەزانیت ئەمە یەکگرتووی ئیسلامی و ئەوی تریان کۆمەڵ و ئەوەشیان رەوتی سەلەفی و ئەمیشیان یەکێتی و دواتریش پارتی و گۆڕان و ئەوانی دیکەن، ئەوە بێجگە لەوەی ئەویتر سۆفیزمە، ئیدی سەر بە

**ئەگەر ئاوڕێکی ورد لە خیتاب و دوانگەی مزگەوت و ناوەندە ئایینییەکانی خۆمان بدینەوە و بە وردی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ناوەندانە بکەین، ئەوا زۆر بە کەمی ئەوە دەبینین کە ئەو ناوەندانە خرابنە بواری خزمەت بە ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی و جڤاکیی هەرێمی باشوور**

ڕێبازی نەقشبەندی بێت، یان قادری، ئەو دابەشبوونەش لە ڕووی خیتابە گشتییەکەوە هەمان ئەو ئاکارە مەترسیدارەیە کە هەردەم پەیامبەرمان بە «مەترسیی کوشندە» لە قەڵەمی داوە، دەشێت تاکی زانای ئایینی و شێخی تەریقەت و ناوەندی ئایینی لە وردەکاری و لق و بەشەکانی فیکری و فیقهیدا جیاوازییان هەبێت، بەڵام هەرگیز ناشێت لە هێڵە پان و گشتییەکاندا ئەو جیاوازییە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبێت، چونکە ئایینی ئیسلام بۆ خۆی تەنیا یەك ئایینە و مەبەستی سەرەکیی ئایینیش خزمەتکردنە بە پرسی فیکری مرۆڤ لە یەکتاپەرستی و بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگە و وڵات و خاك و نیشتمان، لە هەمان کاتدا ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ستەم و بێڕێزی و قۆرخکارییەکە کە بە بەها باڵاکانی مرۆڤ و بە بەزاندنی سنووری نیشتمان و تێکدانی باری ژیاری و کۆمەڵایەتی و سەروەریی خاك و وڵات دەکرێت، ئەم چەمکانە بۆ خۆی دەکرێت بکرێنە هەوێنی یەکگرتوویی خیتابی ئایینی ئیسلام، هاوتەریبیش یەکگرتنەوەی خیتابی تێکڕای ئایینزاکانی کوردستان.

واتە ئەم چەمك و هێڵە پانانە بۆ خۆیان هێڵی پان و خاڵی هاوبەشی نێوان ئایینزا جیاوازەکانە، باشە ئەگەر وانەکەین تاکی موسڵمان بۆ وەدەستخستنی زانیاریی ورد لەمەڕ ئایینی ئیسلام و چارەسەری ئەو ئایینە بۆ کۆی پرسە گرنگەکانی خێزان و کۆمەڵگە، دەبێت ڕوو لە کوێ بکات؟ لە کاتێکدا ڕەوڕەوەی مێژوو هەردەم لە بەرەوپێشچوونی بەردەوامدایە و ڕۆژانە پێشهات و ڕووداو گەلی نوێ دێنە ئاراوە، دەبێت تاکی موسڵمان و هاووڵاتی ڕاڤەی دروست بۆ پێشهاتە سەردەمییەکان لە کام لەم ڕەوتە ئایینیانە وەرگرێت؟.

باشە ئەوتاکە دبێت چی بکات بە دەست ئەم هەمووو شپرزەیی و پەرت و کەرتبونەوە؟! ئەم پەرتەوازییەش بۆ خۆی گەلێك جاران کارێکی وایکردووە کە بوارە گرنگ و سەرەکییەکەی کە مەبەستی ئایین و خواستی خەڵك و کۆمەڵگەی موسڵمان و کوردەوارییە، هیچ باسی لێوە نەکرێت، ئەمانە هەمووی لە کاتێکدایە کە زاناو گوتاربێژی موسڵمان لە باتی ئەوەی بۆ تەنایی و ئارامی ناوخۆیی کارەکتەرێکی ئەرێنی و چالاکی کۆمەڵگە بێت و جیاواز لە خەڵکانی دیکە دەرمانی ئەو بیماریانە بێت کە کۆمەڵگە دوچاری بووە، کەچی ئەویش بۆ خۆی بووەتە بەشێك لە بیمارییەکانی کۆمەڵگە، زۆر جێگەی سەرنجە کە گوتاربێژێکی مزگەوت وەك میدیاکارێکی ئۆپۆزسیۆن، یان وەك کادیرێکی حیزبیی ڕکابەر، دوانگەی مزگەوتەکەی بخاتە بواری هاتوهاوار دژ بە حکومەتی وڵات و کاربەدەستانی و ڕۆڵی میدیای دژ و ڕکابەر ببێنێ.

ئەم بۆچوونەی من بە هیچ شێوەیەك بەواتای ئەوە نییە کە حکومەت بێ هەڵە و پەڵەیە، بە واتای ئەوەش نییە کە نابێت ڕاست و دروستی گەندەڵی و پەڵەکانی حکومەت و کاربەدەستان پشتگوێ بخرێن، بەڵام کورد واتەنی: هەر ڕێیەو بە ڕێبوارێك سپێردراوە، سیاسەت و ڕەوتی سیاسی دەبێت جێ بهێڵدرێت بۆ سیاسەتوان و لایەنە سیاسییەکان و نوێنەرانی گەل و وڵات لە پەرلەمانتار و هاوشێوەکانی گۆڕەپانی خۆی، کاری پەروەردەی تاك و ڕاگرتنی ئارامیی کۆمەڵگەش بۆ پەروەردەکاران و زانایان و گۆتاربێژانی ئایینی و هەموو پسپۆڕانی ئایینزا جیاوازەکان و هەموو ئەو دامەزروانەی کاریان لە بواری جڤاکی و کۆمەڵدا هەیە.

دامەزراوەی ئایینییش بۆ خۆی دەبێت لەو بوارەدا جێدەستی هەمیشە لە بەرچاو بێت، واتە کاری مەلا و زانای ئایینی لە ناو مزگەوت و قوتابخانەی ئایینیدا بریتییە لە کارسازیی کۆمەڵایەتی و بونیاتنەری تاکی تەندروست و خزمەتگوزار، نەك ڕابەرایەتیکردنی پرسی سیاسی و دژبەر، ئەرکی ئەوان ئەوەیە گەیەنەری پەیامی ئایین و خودابن بۆ بونیاتنانی مرۆڤ و پەروەردەکردنی تاك لە ناخەوە، وەکو مرۆڤگەلێکی سوودبەخش و چاکەکار، دروستکردنی کەسایەتییەکی خوداناس و مرۆڤدۆست و بونیاتنەر، نەك ڕووخێنەر، مرۆڤێکی پڕبەها و بەزەیی و چاکەکار نەك مرۆڤێکی توندڕەو و کەرت و پەرتکار و ڕکابەر و سیاسی، ئەوەی سەبارەت بە کچە یەکەمە نیقابپۆشەکە لە وەزارەتی پەروەردە ڕووی دا، بۆ خۆی ئەوەی خستەڕوو کە

**ئەگەر لە سێ مزگەوتی جیاوازدا و تەنیا لە یەک شاری کوردستاندا نوێژی هەینی بکەین، گوێمان لە خیتابی جیاواز و بەڵکو دژ بە یەکیش دەبێت**

**پێشنوێژ و گوتارخوێنەکان سەرەڕای ئەوەی فەرمانبەری حکومەتن و مووچەی دەوڵەت وەردەگرن بە مەبەستی ئەوەی ڕاڤەی دروست بۆ دەقەکان بکەن و تاکی موسڵمان ڕینوێنی بکەن جۆرێک لە ناتەبایی و شپرزەیی دەخەنە ناو کۆمەڵی موسڵمانان، کە شیرازەی کۆمەڵایەتی و کولتووری پێکەوەژیانی ئایینی نەتەوەیی لێک دەترازێنن**

**زاناو گوتاربێژی موسڵمان لە باتی ئەوەی بۆ تەنایی و ئارامیی ناوخۆیی کارەکتەرێکی ئەرێنی و چالاکی کۆمەڵگە بێت و جیاواز لە خەڵکانی دیکە دەرمانی ئەو بیمارییانە بێت کە کۆمەڵگە دوچاری بووە، کەچی ئەویش بۆ خۆی بووەتە بەشێک لە بیمارییەکانی کۆمەڵگە**

خوێندنگە و ناوەندە ئایینییەکانیش بەهەمان پەتای مزگەتەکانەوە دوچار بوون، چونکە ئەم پەتای ڕێباز و گرووپچێتییەش پەڕیوەتەوە بۆ ناوەندە ئایینییە ئاکادیمییە باڵاکانیش، ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئێمە تاوەکو ئەمڕۆ فەلسەفەیەکی روونمان بۆ حوکمڕانی و بۆ ئایندە نییە، بەتایبەتی پرسی پەروەردەی منداڵ و نەوجەوانان و دواتریش پەروەردەی تاك، چونکە ئەم بوارانە پلان و بەرنامەڕێژیی سەردەمییانە و زانستی و تۆکمەی گەرەکە، دواتریش جێبەجێکردن و بەدواداچوون بۆ پلانەکە بۆ خۆی بوارێکی گرنگترە.

زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد کە ئەوە ٢٨ ساڵە لە سەروبەندی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆین لە باشووری کوردستان، کە فەلسەفەیەکی روونی پەروەردەییمان هەبێت، ئەو فەلسەفەیەش لەگەڵ سەردەم و جیهانگیری و پێشکەوتنە جیهانییەکاندا هاوتەریب بێت، هاوکات بە بەردەوامی پێداچوونەوە بە خاڵ و بەندەکانی ئەو فەلسەفەیەدا بکەین، تاوەکو بەردەوام لە بەرژەوەندیی میللەت و نەتەوەکەمان قاڵبێکی سەردەمییانە و نوێ لەخۆ بگرێت، فەلسەفەی پەروەردەیی تەنیا وەزارەتی پەروەردە و پرۆگرامەکانی ناگرێتەوە، هەرچەندە ئەو وەزارەتە پشکی شێری بەردەکەوێت، بەڵام ئەو فەلسەفەیە چەند وەزارەتێك تێیدا هاوبەشن، لەوانە: وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی رۆشنبیری و چەندین لایەنی دیکەش، هاوکاتیش بۆ خۆی پرسی حوکمڕانی پێویستی بە فەلسەفەیەکی گشتگیر و روون هەیە، کە بەرچاوروونی بدات بە تێکڕای جومگەکانی حوکمڕانیی وڵات و دواجار پەخش بکرێت بە سەر تێکڕای دامەزراوەکانی وڵاتدا.

دیارە گوتەی ئێمە لێرەدا زیاتر لە سەر وەزارەتی ئەوقاف کارو باری ئایینیە، چونکە پەرستگە و مزگەوتەکان سەربەو وەزارەتەن، خیتابی ئایینیمان تا رادەیەکی زۆریش جۆرێك لە قەیران و شپرزەیی پێوە دیارە، کە دواجار ئەو شپرزەیی و پەرتبوونە زیانی زۆر بە هزر و بیری تاك دەگەیەنێت، کە خودی تاکی موسڵمانیشی دوچاری پەرتبوون و شپرزەیی کردۆتەوە، لێرەوە ئەرکی وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان و تێکڕای کەسایەتی و ناوەندە ئایینییەکانە، کە دەیان کۆڕ و کۆڕبەند و سیمینار و کۆنفرانس ببەستن، بۆ نەهێشتنی دیاردەی شپرزەیی خیتابی ئایینیمان و بۆ هێنانەکایەی مەرجەعییەتێکی ئایینیی بەهێز، کە جێگەی متمانەی زوربەی تاکی موسڵمان و هاووڵاتیان بێت، لە هەمان کاتیشدا گرنگە وەزارەتی ناوبراو لە بواری ئاراستەی خیتابی ئایینیدا پرۆژەیاسای مەدروس و تایبەت پێشکەش بە پەرلەمان بکات، تاوەکو چیدی هیچ کەس نەوێرێت پەنا بۆ گوتارێکی نامۆ بەرێت، بە مەبەستی تێکدانی رەوشی کۆمەڵگە.

ئیدی ئەو ئایینە ئیسلام بێت، یان هەر ئایین و ئایینزایەکی دیکە، دواجار تەنیا یاسا دەتوانێت ڕێگری لەو دەرچوونە نادروستەکان بکات کە بەناوی ئایین و ئایینی ئیسلامەوە دەکرێن، چونکە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگە و پرسە گرنگەکانی نەخرێنە بەردەستی کەسان و گرووپگەلێکی هەلپەرست و بازرگان بە ناوی ئایینەوە، چونکە جوانییەکانی ئایین و بەها باڵاکانی تەنیا کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە ئایین دەتوانن بەرجەستەی بکەن و نیشانی بڕوادارانی بدەن، نەك بازرگانی سیاسی و دەستەڵاتخواز و خۆپیرۆزکار، بە راستی لە ئەمڕۆدا وڵات پێویستی بە چەندین پێناسەی گرنگ هەیە، بۆ کارەکتەرە ئایینیەکان، لەوانە: زانای ئایینی کێیە؟ ئەرکەکانی چییە؟ مافەکانی چییە؟ خەتیب و پێشنوێژ و واعیز کاریان چییە؟ مەودای کاریان کامەیە؟ ئەی تەریقەت چییە؟ شێخی تەریقەت مواسەفاتی چییە؟ کێ دەتوانێ شێخی تەریقەت بێت؟ ئەی کام تەریقەت ڕێگەپێدراوە و بۆچی؟ ئەمانە هەمووی پرسی یاسایی ئیدارین، دەبێت بە یاسا ڕێکبخرێن و نابێت بدرێنە دەست قەدەر، ناکرێت هەر کەس شارەزاییەکی لە بواری ئاییندا هەبوو، گوتاربێژ بێت و لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکیشدا دەنگی هەڵبڕێ و پەیامی نادروست بگەیەنێت، چونکە پەیامگەیاندن بەبێ ئەوەی کەسەکە ئاگاداریی تەواوی لە فەلسەفەی دەوڵەت و چوارچێوەی فەلسەفەی داڕێژراوی یاسایی دەوڵەت هەبێت و بێ ئەوەی

**زۆر جێگەی سەرنجە کە گوتاربێژێکی مزگەوت وەک میدیاکارێکی ئۆپۆزسیۆن، یان وەک کادیرێکی حیزبیی رکابەر، دوانگەی مزگەوتەکەی بخاتە بواری هاتوهاوار دژ بە حکومەتی وڵات و کاربەدەستانی و رۆڵی میدیای دژ و رکابەر ببینێ**

**کاری مەلا و زانای ئایینی لە ناو مزگەوت و قوتابخانەی ئایینیدا بریتییە لە کارسازیی کۆمەڵایەتی و بونیاتنەری تاکی تەندروست و خزمەتگوزار، نەک رابەرایەتیکردنی پرسی سیاسی و دژبەر**

**گرنگە وەزارەتی ئەوقاف لە بواری ئاراستەی خیتابی ئایینیدا پرۆژەیاسای مەدروس و تایبەت پێشکەش بە پەرلەمان بکات، تاوەکو چیدی هیچ کەس نەوێرێت بە مەبەستی تێکدانی رەوشی کۆمەڵگە پەنا بۆ گوتارێکی نامۆ بەرێت**

شارەزای لە مەبەستە پیرۆز و سەرەکییەکانی ئایین بەگشتی و ئایینی ئیسلام بەتایبەتی هەبێت، تەنگژە بۆ کۆمەڵگە دروست دەکات، نەك سوود و قازانجی هەبێت. هەر وەکو چۆن مامۆستای هەر بابەتێکی زانستی و ئەدەبی تاوەکو لە ڕێبازی وانەگوتنەوە و گەیاندن شارەزا نەبێت و خولی تایبەت نەبینێت، ناتوانێت مامۆستا بێت، بە هەمان شێوەش خەتیب و گوتاربێژ و بانگخواز و شێخی تەریقەت و.. هتد، دەبێت شارەزا بێت لە فەلسەفەی خودی ئایین و فەلسەفەی دەوڵەت و یاسا و ڕێساکانی و بە چۆنیەتی گەیاندنی پەیامی دینی بە تاکەکانی کۆمەڵگە، بە جۆرێك هەردەم لە بەرژەوەندیی وڵات و کۆمەڵگە بشکێتەوە.

لەوانەیە هەندێك کەسی ئایینپەروەر لە خۆشەویستی و سۆزی بێ لۆژیکیان بۆ ئایین گلەیی لەم بۆ چوونانەم بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەم بۆچوونانەم لە پەرۆشیمە بۆ خودی ئایینی ئیسلام و خودی زانایانی ئایینی ئیسلام و دواجاریش بۆ کۆمەڵگەکەمان و حکومەتەکەمان کە چەندین سەدەیە خەونی پێوە دەبینین.

**کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگە و پرسە گرنگەکانی نەخرێنە بەردەستی کەسان و گرووپگەلێکی هەلپەرست و بازرگان بە ناوی ئایینەوە، چونکە جوانییەکانی ئایین و بەها باڵاکانی تەنیا کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە ئایین دەتوانن بەرجەستەی بکەن**

ناکرێت قەدەری بدینە دەستی نەیاران و دەستی سۆزی ناتەندروستی ئایینی ناحاڵی و تێنەگەیشتوو لە مەبەستە باڵاکانی ئایین و ویستی ئایین بۆ دروستکردنی جڤاکی ساغڵەم و تەندروست، چونکە هەر شپرزەیی و بێ سیستەمییەك بە واتای ئەوە دێ، ئایینی ئیسلام حەزی بە یاساپارێزی و سیستەمی تەندروست نییە، کە ئەوە بۆ خۆی هەڵەیەکی حاشاهەڵنەگرە. ئایینی ئیسلام بۆ خۆی هەڵگری سیستەمێکی تۆکمەیە بۆ بابەتە فیکری و جڤاکی و یاساییەکان، بۆیە ناکرێت ڕێگە بدریت هەر کەس لە ئاستی خۆیەوە دەست بە سەر گوتار و بانگەشەکەیدا بگرێت و دواجار تەنگژەی فیکری و ژیاری بۆ کۆمەڵگە بخوڵقێنێت. خۆ نموونەی داعش و هەموو توندڕۆکانیش هێشتا لەبەرچاوانن، بۆیە پێمان سەیر نەبێت لە سەردەمی پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە پێناوی یەکریزی و یەکبوونی خودی موسڵمانان و بە فەرمانی خودا ئەو مزگەوتە دەرووخێندرێت کە هۆکاری

**لە سەردەمی پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە پێناوی یەکریزی و یەکبوونی خودی موسڵمانان و بە فەرمانی خودا ئەو مزگەوتە دەرووخێندرێت کە هۆکاری کەرت و پەرتبوونی موسڵمانانە، مزگەوتەکەش ناونراوە «مزگەوتی زیانبەخش»**



کەرت و پەرتبوونی موسڵمانانە، مزگەوتەکەش ناونراوە «مزگەوتی زیانبەخش»، لە ڕاستیدا هیچ ئایینێك بە هێندەی ئایینی ئیسلام حەزی لە ڕێکخستن و یاساپارێزی نییە، دارشتنی ئەو سیستەمەش بە مەرجێك دەبێت لە بنەما ڕەسەن و چەسپاوەکانی شەریعەت دەرنەچێت، ئەرکی حوکمڕانانیشە بە هەماهەنگی لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایان و خەمخۆرانی خودی ئایینەکە ئەو



کاره بکەن، هەموو ئەو بۆچوونانەشی ئاماژەیان پێ کرا، بریتین لە ڕێکخستنەوەی پرس و گوتاری ئایینی و چاکسازی و نەهیشتنی پەرت و بڵاوی و تێکچوونی بواری کۆمەڵایەتی، چونکە هیچ کەس مافی ئەوەی نییە ڕەوشی جڤاکی و کۆمەڵایەتی وڵات بشێوێنێت، با سەد ناوی ئایینپارێزی و ناوی جۆراوجۆری لەخۆ نابێت. بۆیە دواجار دەڵێم: کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش وەکو کۆمەڵگە و وڵاتانی خواپێداو سیستەمی دروست بۆ هەموو بوارەکانی ژیان دابڕێژین و سوود لە ئایین و هەموو بوارەکانی دی وەربگرین لە بەرژەوەندیی ژیاریی خۆمان و ئایندەی میللەتەکەمان و نەوەکانی دوارۆژمان.

تێبینی: دیارە لەپاڵ ئەو ڕەوشەی ئاماژەی پێکرا دوانگە و زانای ئایینی خەمخۆریشمان هەیە، بەڵام قسە لەسەر کۆی پرسەکەیە .



خەلیل ئاتاج

ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی پەکەکە بۆ گوڵان:

# ئێمە کە زانیمان پەکەکە خۆی لە کوردبوون و کوردستانیبوون داماڵیوە، لێی جیابووینەوە

# پەکەکە بڕوای بە دابونەریتی کوردەواری نییە و کەسیش لەناو ئەو حزبە خاوەنی ئیرادە و کەسێتی خۆی نییە

**زۆرن ئەوانەی لە ریزەکانی پەکەکە خەباتیان بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ کرد و لە پێناوی ئەم ئامانجە بە کوشتن دران، بەڵام ئێستا سەرکردایەتیی پەکەکە زۆر بە راشکاوی دەڵێن: دەوڵەتی کوردستان ئامانجی ئێمە نییە و ئەوەشی هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بدات، دوژمنی ئێمەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە پێش ئەوەی هیچ لایەنێك وەسفی پەکەکە بکات، خۆیان بە راشکاوی دەڵێن ئێمە خۆمان لە بیری نەتەوەیی و نیشتمانی داماڵیوە و ناشمانەوێت هیچ کەسێکی دیکە برەوی پێ بدات، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش سیاسەتێکی رادیکاڵی دژی ئەو گەنج و مێرمنداڵانە پیادە دەکەن، کە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان فریویان دەدەن و بەو تەمەنە منداڵییە چەکداریان دەکەن، لەسەر ئەم پرسەش ئەوانەی لە ریشەوە سیاسەتی پەکەکە دەناسن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پەکەکە لە سەر بنەمای خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان ناڕوات و هەرچی دابونەریتی کوردانە هەیە، فەرامۆشی کردووە و بۆتە داردەستی ئەو دەوڵەتانەی مەبەستیانە سەقامگیری و ئارامیی کوردستان بشێوێنن. بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی رادیکاڵی و نانیشتمانیی پەکەکە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ خەلیل ئاتاج سیاسەتمەداری باکووری کوردستان ئەنجامدا کە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ خزمەتی پەکەکەی کردووە و ماوەی زیاتر لە ١٦ ساڵیش لە سەرکردایەتیی پەکەکە بووە، بەمجۆرەش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ماوەیەکە پەکەکە راگەیاندێکی دوژمنکارانەی دژی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان راگەیاندووە و بانگەشە بۆ ئەوە دەکات سەقامگیریی ئەم ناوچەیە بشێوێنێت، ئایا پەکەکە چ سیاسەت و ستراتیژییەکی هەیە کە وا هەڕەشە لەم قەوارە سیاسییەی کوردستان دەکات؟**

- پەکەکە ستراتیژییەتی تێکچووە و سیاسەتی رۆژانە پیادە دەکات، هەڵەو کەموکوڕییەکانی خۆیشی دەخاتە سەر پارت و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی دەوروبەری، لە باشووریش هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆی دەخاتە سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دەیەوێت هەڵەکانی خۆی بەمجۆرە سیاسەتە بشارێتەوە. لەسەر ئاراستەی ئەم سیاسەتەی پەکەکە پیادەی دەکات، پەکەکە وای دەبینێت، ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بێت، ئەو لاواز دەبێت، بۆیە هەوڵدەدات پارتی لاواز بکات، بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بێت، ئەمڕۆش بەهۆی ئەوەی پەکەکە لە باکوور لاواز بووە و ناتوانێت لەو بەشەی کوردستان خەباتی خۆی بکات، پاشەکشەی کردووە و هاتۆتە باشوور، دەوڵەتی تورکیاش بە بیانووی ئەوەی کە بوونی پەکەکە لە باشوور، هەموو کات هۆکارێکە بۆ ناسەقامگیریی تورکیا، بۆیە فشاری گەورە بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی پەکەکە لە باشوور وەدەرنێت، پەکەکەش لەبەر ئەوەی لەژێر گوشارێکی گەورەدایە و گەیشتۆتە

**سەرۆک مسعود بارزانی رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت بۆ ئەوەی یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان دروست بێت**

خاڵی کۆتایی، ئەوا بۆ شاردنەوەی ئەو لاوازی و کەموکورتییانەی دەیەوێت ئۆباڵەکەی بخاتە ئەستۆی هەرێمی کوردستان، بۆیە هەڕەشە لە باشووری کوردستان دەکات، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان بۆ ئێستا لە پێش هەموو پارچەکانی دیکەوەیە و قەوارەیەکە لە چوارچێوەی فیدراسیۆنێکدا و بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات کە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

*** لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵ ئەوەی بارودۆخەکە جۆرێك لە هەستیاری و ئاڵۆزی لەخۆی گرتووە، بەڵام بە دیوێکی دیکەشدا کۆمەڵێك هەلی گرنگی بۆ کورد هێناوەتە پێشەوە، ئایا لەم بارودۆخەدا لە بری ئەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی یەك ستراتیژدا یەکبگرنەوە و سوود لەم دەرفەتە وەربگرن، بۆچی پەکەکە خۆی دوژمنایەتی هێزەکانی دیکەی کوردستان دەکات؟ ئایا ئەم رەفتارانەی پەکەکە چەند زیان لەو هەل و دەرفەتانە دەدات کە بۆ کورد دینەپێشەوە؟**

- ئێستا لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەرەوپێشەوەچوون هەیە، لە باکوور لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی تورکیا هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە هەتا ئێستا، کوردی وەك دوژمنی سەرەکیی خۆی سەیر کردووە و هەرچی لە دەستی هاتووە لە کوشتن و گرتن و کاولکاری دریغی نەکردووە، بەڵام وێڕای ئەوانەش سیاسەتی تورکیا سەرکەوتوو نەبووە، راستە ئێستا کوردی تورکیا تەنیا لە ماڵەکانی خۆیاندا بە کوردی قسە دەکەن و لە دەرەوەی ماڵەکانی خۆیان ناتوانن بە کوردی قسە بکەن، بەڵام میللەتی کورد کۆڵی نەداوە و هەر بە زیندوویی ماوەتەوە، لە رۆژهەڵات مەزندەیەك هەیە کە کوردی ئەوێیش راپەڕن، لە رۆژئاوا جۆرێك لە بەرەوپێشەوەچوون هەیە، ئێستا ئەمریکاو فەرەنسا لێ ناگەڕێن کە رۆژئاوا بەرەو پاشەوە بگەڕێتەوە، لە باشووریش وەك دەبینین سەرۆك مسعود بارزانی رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت بۆ ئەوەی یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان دروست بێت، هەروەها ئێستا لە هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکرێت و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش مسرور بارزانی-یە، بۆیە ئەوانیش وەك سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان دەتوانن رۆڵ و کاریگەریی خۆیان لە پارچەکانی دیکەش بگێڕن، بەڵام بەداخەوە لە هەموو ئەم بارودۆخەدا پەکەکە سیاسەتێکی هەڵە پیادە دەکات و لە بری ئەوەی هاوشانی هێزە سیاسییەکانی دیکە هەوڵبدات ئەو یەکڕیزییەی پێویستە بۆ کورد لەم قۆناخە فەراهەمی بکات، ئاستەنگی بۆ دروست دەکات و دەیەوێت کورد ئەم دەرفەتە لەدەست بدات.

*** پەکەکە لە سەرەتای دروستبوونیەوە بانگەشەی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ و کوردستانی گەورە دەکرد، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە خەتی ستراتیژیی پەکەکە سیاسەتێکی نەتەوەیی نییە، ئایا هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە پەکەکە خۆی لە سیاسەتی نەتەوەیی دوور خستۆتەوە؟**

- پێش ئەوەی پەکەکە دابمەزرێت، ئێمە لە ساڵی ١٩٧٥ گرووپێکی ١٠ کەسی بووین، لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی بیرمان دەکردەوە، کە پەکەکە دامەزرا و داوای سەربەخۆیی کوردستانی کرد، ئێمەش پەیوەندیمان بە پەکەکەوە کرد، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئێمە بە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان دوای پەکەکە کەوتین، بەڵام بۆمان دەرکەوت کە پەکەکە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە لەسەر بنەمای فیکرێکی نەتەوەیی دروست نەبووە، بەڵکو زیاتر پابەندی ئایدیۆلۆژیەتێکی چەپی سۆشیالیزمی بووە و بە پلەی یەکەم بایەخی بە خەباتی چینایەتی داوە و بە پلەی دووەم و سێیەم باسی کوردستانی کردووە، لەسەر ئەم پرسە عەبدوڵا ئۆجەلان خۆی دەڵێت: «من لە بری پرسی کورد، فێری سۆسیالیزم بووم..»، ئەمەش بووە ئاراستەی سیاسەتی پەکەکە، بۆیە کاتێك هەڵسەنگاندن بۆ پەکەکە دەکەین دەبینین لە رووی بیری نەتەوەییەوە زۆر لاوازە، لەسەر ئەم بنەمایە من وەك پێشتریش ئاماژەم بەوە کرد کە هەر لەسەرەتاوە ستراتیژییەتی پەکەکە شاش بووە، دەبوو بیری نەتەوەیی بخرایەتە پێش هەر شتێکی دیکە، بەڵام ئەم سیاسەتە شاشەی پەکەکە وایکردووە کە هەموو نەتەوەی کورد بە ناوی هۆز و فیودالیزم بکاتە دوژمنی

**پەکەکە ستراتیژیەتی تێکچووە و سیاسەتی رۆژانە پیادە دەکات، هەڵەو کەموکورییەکانی خۆیشی دەخاتە سەر پارت و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی دەوروبەری**

**پەکەکە وای دەبینێت، ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بێت، ئەو لاواز دەبێت، بۆیە هەوڵدەدات پارتی لاواز بکات، بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بێت**

**پەکەکە لەژێر گوشارێکی گەورەدایە و گەیشتۆتە خاڵی کۆتایی، بۆیە بۆ شاردنەوەی ئەو لاوازی و کەموکورتییانەی دەیەوێت ئۆباڵەکەی بخاتە ئەستۆی هەرێمی کوردستان و هەڕەشە لە باشووری کوردستان دەکات**

خۆی، بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای بیری نەتەوەیی سیاسەتی بکردایە، ئەوا ئاسۆیەکی گەورەی لەبەردەم دەکرایەوە و هەموو خەڵکی کوردستانی بە دوژمنی خۆی نەدەزانی، هەروەها لەسەر ئاستی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش پەکەکە بەهەمان شێوە تەواوی هێز و لایەنە کوردستانییەکانی بە دوژمنی خۆی زانیوە، ئەگەر لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی بیری بکردایەتەوە، هەمووانی وەك دۆستی خۆی سەیر دەکرد. پەکەکە هەر لەسەرەتای دامەزراندییەوە هەوڵیداوە خۆی لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دابڕێت و زیاتر بایەخی بە رووە گشتییەکەی مێژوو داوە، هەر بۆیە هەرگیز لە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی پەکەکەدا باسی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان نەکراوە، یان باسی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان نەکراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پەکەکە خۆی لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان داماڵیوە و هەوڵیداوە بەو شێوەیە سیاسەت بکات، کە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لەگەڵ ئەودا دەستی پێ کردووە. تەنانەت لە ساڵی ١٩٨٥یش کاتێك پەکەکە لەسەر سنوور چالاکی دەکرد، ئەو چالاکییانەی پەکەکە ئامانجی ئەوە بوو کە لەو ناوچانە چەندین هۆزی کوردی هەن، خۆیان بە لایەنگیری پارتی دەزانی، ئەو لەمیانەی ئەو چالاکیانەی ئامانجی ئەوە بوو ئەوان تێوەبگلێنێت، بۆیە لە میانەی ئەم چالاکییانە شەڕێك لەنێوان پەکەکە و حزبی شیوعی عێراق دروست بوو، پارتی داوای لە پەکەکە کرد کە لەو ناوچانە بکشێتەوە، بەڵام پەکەکە ئەو داوایەی رەتکردەوە، بەمەش جۆرێك نیگەرانی لەنێوان پارتی و پەکەکە دروست بوو، بەڵام شەڕ دروست نەبوو. پەکەکە ئامانجی ئەوە بوو، بە هەر جۆرێك بێت، خۆی لە هێزە سیاسییەکانی دیکە بەهێزتر بکات، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ دوای سەرهەڵدانی باشوور کە هێزەکانی باشوور زۆر بەهێز بوون، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، پاشانیش هەڵبژاردن کرا و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دامەزرا، پەکەکە ئەم بەهێزییەی باشووری بە مەترسی بۆ سەرخۆی لەقەڵەم دا، بۆیە دژایەتیی خۆی بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان راگەیاند، هەروەها پارتی ئازادیی کوردستانی لە باشوور دامەزراند، ئەمەش رەنگدانەوەیەکی دیکەی ئەو گرژی و ناکۆکییە بوو کە لەنێوان پەکەکە و پارتیدا هەبوو، پاشان ئەم گرژییانە هەڵکشان و شەڕ هەڵگیرسا، پەکەکە لە ساڵانی ١٩٩٢، ١٩٩٥، ١٩٩٧ چەند جارێك لە باشوور شەڕی هەڵگیرساندووە، بەڵام پارتی هەموو کات هەوڵیداوە کە لەگەڵ پەکەکە بە دیالۆگ و رێککەوتن کێشەکان چارەسەر بکات، بۆیە سەرەنجام پەکەکە کاتێك زانی لاواز بووە، ناچار بوو لەگەڵ پارتی رێککەوتن بکات، بەپێی ئەم رێککەوتنە پەکەکە دەبوو گۆڕەپانی خەباتی خۆی بباتەوە بۆ باکوور، بەڵام نەیتوانی لە باکوور هیچ بکات.

**پەکەکە خۆی لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان داماڵیوە و هەوڵیداوە بەو شێوەیە سیاسەت بکات، کە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لەگەڵ ئەودا دەستی پێ کردووە**

**پەکەکە لە ساڵانی ١٩٩٢، ١٩٩٥، ١٩٩٧ چەند جارێک لە باشوور شەڕی هەڵگیرساندووە، بەڵام پارتی هەموو کات هەوڵیداوە کە لەگەڵ پەکەکە بە دیالۆگ و رێککەوتن کێشەکان چارەسەر بکات**

**هەر کەسێک کە پەیوەندی بە پەکەکەوە کرد، ئیدی نابێت خێزان و کەسوکار و بنەماڵەی هەبێت، پەکەکە دەڵێت ئەوە موڵکی منە و دەبێت لەژێر فەرمانی مندا بێت**

*** لایەنێکی دیکەی سیاسەتی پەکەکە، چەکدارکردنی نەوجەوان و گەنجی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی کوردستانە، لەمەش خراپتر، کاتێك ئەم مێرمنداڵانە دەبنە چەکداری پەکەکە، رێگرییان لێ دەکات کە پەیوەندی بە کەسوکاریانەوە بکەن، یان رێگە نادات باوك و دایکیشیان سەردانیان بکەن، ئایا لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا، هیچ لایەنێکی دیکە بێجگە لە پەکەکە بەمجۆرە سیاسەتی کردووە؟**

- پەکەکە لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا حاڵەتێکی جیاوازە، هەر کەسێك کە پەیوەندی بە پەکەکەوە کرد، ئیدی نابێت خێزان و کەسوکار و بنەماڵەی هەبێت، پەکەکە دەڵێت ئەوە موڵکی منە و دەبێت لەژێر فەرمانی مندا بێت، من ماوەی ٣٠ ساڵ خزمەتی پەکەکەم کرد، لەسەر ئەو بنەمایەش پەکەکە بووم، لەبەر ئەوەی دەیگوت من دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان دادەمەزرێنم، بەڵام کاتێك پەکەکە دەستی لە کوردستانیبوون و دەوڵەتی نەتەوەیی بەردا، ئێمە وتمان لەناو پەکەکە چی بکەین؟ بۆچی بە فەرمانی ئێمە گەنجی کورد بە کوشتن بدەین و ئامانجەکەشی کورد و کوردستان نەبێت؟ بۆیە ئێمە وەك هێزێکی گەورە لە پەکەکە جیابووینەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئێمە ٣٠ ساڵ خزمەتی پەکەکەمان کرد، ئێستا بە ئێمە دەڵێن ئێوە خائینن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئێمە خیانەتمان لەچی کردووە و چ خیانەتێکمان کردووە؟ بۆیە ئەمە راشکاوانە

مانای ئەوەیە کەس لەناو پەکەکە خاوەنی ئیرادەی کەسیی خۆی نییە، پەکەکە دەڵێت: (تۆ هی منیت، کە لەگەڵ من نەمایت، ئیدی نابێت بوونت هەبێت). لەمەش زیاتر سەبارەت بەو گەنجانەی کە تەمەنیان لەنێوان ١٢-١٧ ساڵە و پەکەکە چەکداریان دەکات، پەکەکە بۆ ئەمانیش یاسای خۆی هەیە، ڕێگە نادات نە ئەو گەنجانە پەیوەندی بە کەسوکاریانەوە بکەن، نە کەسوکاریشیان بیانبینن، هەر بۆ نموونە ئەگەر باوکێك سەردانی ڕۆڵەکەی خۆی بکات و داوا بکات کە بیبینێت، ڕێگە نادەن باوك ڕۆڵەکەی خۆی ببینێت و پێی دەڵێن کوڕی تۆ لای ئێمە نییە، بۆیە زۆر جار دەڵێن ئەمە دژی دابونەریتی کوردانەیە، بەڵام پەکەکە بڕوای بە دابونەریتی کوردانە نییە.

**تورکیا دەویەێت بە ڕێگەی شەڕ و هێزی سەربازی نفووزی خۆی زیاد بکات، بەڵام لەم کارە سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام ئێران بێدەنگە و بە شێوەیەکی سیاسی کارەکانی خۆی دەکات بۆیە لە تورکیا سەرکەوتووتر بووە**

*** هەندێك لەوانەی لە نزیکەوە شارەزای سیاسەتی پەکەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەکەکە شەڕی بەوەکالەت بۆ هەندێك دەوڵەتی ئیقلیمی دەکات، لەو بارەوە رات چییە؟**

- من پرسیارێك دەکەم، پەکەکە ئیشی چی بوو لە شنگال؟ ئایا شنگال چ گرنگییەکی بۆ پەکەکە هەیە؟ بێگومان پەکەکە بە دەستی حەشدی شەعبی لە شنگال بوو، هەروەها ئێران ئەوکات دەیویست لەو ناوچەیە کێشە هەبێت، بەدەستی ئێران و بە ڕێگەی حەشدی شەعبی پەکەکە ئەو ڕۆڵەی دەگێڕا، لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەیری سیاسەتی تورکیا و ئێران لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینین تورکیا دەویەێت بە ڕێگەی شەڕ و هێزی سەربازی نفووزی خۆی زیاد بکات، بەڵام لەم کارە سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام ئێران بێدەنگە و بە شێوەیەکی سیاسی کارەکانی خۆی دەکات بۆیە لە تورکیا سەرکەوتووتر بووە، لەم چوارچێوەیەشدا ئێران توانیویەتی بەشێکی بەرنامەکانی خۆی لەم ناوچەیە لە ڕێگەی پەکەکەوە جێبەجێ بکات.

**هەندێک دەوڵەتی دراوسێی هەرێمی کوردستان ئەگەر بەرژەوەندییان لەوەدا بێت، کێشە و ئاڵۆزی لەم ناوچەیە دروست بکەن، ئەوا بە ڕێگەی پەکەکە دروستی دەکەن، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندییان لە سەقامگیریی ئەم ناوچەیەدا بێت، پەکەکە ناتوانێت هیچ بکات**

*** شەڕی داعش زیانێکی گەورەی لە کوردانی ڕۆژئاوا دا، لە هەمانکاتدا پەیەدەش کە لەژێر کاریگەریی پەکەکە بوو، بووە هۆکاری ئەوەی خەڵکێکی زۆری ڕۆژئاوا ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن، ئایا ڕۆڵی پەکەکە لە ڕۆژئاوا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- گومانی تێدا نییە کە شەڕی داعش لە ڕۆژئاوا دەستی پێکرد، ڕۆژئاوا زەرەرو زیانێکی هێجگار گەورەی بەرکەوت، تەنانەت شاری کۆبانی گەیشتە ئەوەی بە تەواوەتی داگیر بکرێت و لەدەست بچێت، ئاشکرایە ئەمریکا نەیدەویست کۆبانێ بکەوێت، چونکە ئەگەر کۆبانێ بکەوتایە، لەوانە بوو هەموو کوردستان داگیربکرێت، لەسەر ئەم بنەمایە و لەسەر بڕیاری سەرۆك مسعود بارزانی پێشمەرگە بە تورکیادا چووە کۆبانێ و لەسەر لێواری داگیرکردن ئەو شارە قوتار کرا، سەبارەت بە پەیوەندیی پەکەکە و پەیەدە، ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان پەیەدە و پەکەکە هەیە، بەڵام وەك یەك نین و جیاوازی هەیە، هەر بۆیە پەیەدە لە شەڕی دژی داعش شەڕێکی باشیان کردو هەروەها کارێکی باشیشیان کرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە پەیەدە بەهێز بێت و بارودۆخێکی دیکە لە ڕۆژئاوا هاتەئاراوە، بۆیە دەتوانم بڵێم شەڕی دژی داعش لە سەرەتادا زەرەر و زیانێکی هێجگار گەورەی لە ڕۆژئاوا دا، بەڵام سەرەنجام بە قازانج بۆ دۆزی کورد و ڕۆژئاوا شکایەوە، کە بە جۆرێکە مرۆڤ ناتوانێت بە خەیاڵیش ئەو واقیعەی ئێستای ڕۆژئاوا ببینێت، بۆیە شەڕی داعش بووە هۆکارێك بۆ ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ڕۆژئاوا هاتۆتە ئاراوە.

**ئەو هێزەی پەکەکە بۆ باشوور دروستی کردووە لە نێوان ٢٠-٣٠ چەکدار دەبن، پەکەکە ئێستا هێزەکانی بڵاوە پێکردووە و هێزێکی ئەوتۆی نییە بتوانێت هێرش بکات، تەنیا ئەگەر بتوانن کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن**

*** کەواتە لەمیانەی ئەم قسانەت دەکرێت بڵێن، بە ئایندەی ڕۆژئاوا گەشبینیت؟**

- مەزڵووم کۆبانی کە ئێستا ڕۆڵی کاریگەری لەناو پەیەدە لە ڕۆژئاوا هەیە، لە نزیکەوە دەیناسم و چەندین ساڵ لە شاخ پێکەوە بووین، مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بە پەیەدە، بەڵکو پەیوەستە بەو هێزە سەرەکییانەی ڕۆڵیان هەیە لە ڕۆژئاوا، ئێوە خۆتان دەزانن تورکیا لە ڕۆژئاوا ئامانجی خۆی هەیە، کاتێك لە باشوور هەوڵدەدات پەکەکە لە خواکورك و قەندیل تێکبشکێنێت، ئەوا لە ڕۆژئاواش لە هەوڵی ئەوەدایە بە چەند هێڵێك ڕۆژئاوا لە یەکتری جیا بکاتەوە، هێڵی یەکەمی لە جرابلوسەوە دەست پێکرد، پاشان ئەوەی پێدەڵێن ڕۆژهەڵاتی فورات، ئێستاش دەیەوێت هێڵێك لە کۆبانێوە لێبدات کە (گرێ سپی هەتا شنگال ) ببات



و هێڵێکیش هەتا (عین عیسا) ببات، تورکیا ئەگەر بۆی بچێتەسەر، ئەمە ئامانجیەتی، بۆ ئەمەش پێویستی بەوەیە، یەکەم رووسیا رازی بکات، دووەم ئەمریکا رازی بکات، بۆ ئەوەی تەفویز بدات بە تورکیا، بەڵام هەتا ئێستا ئەم رێککەوتنە دیار نییە، بۆیە ئایندەی رۆژئاواش جارێ نازانرێت چۆن دەبێت.

*** ئەگەر دیسانەوە باس لە هەڕەشەکانی پەکەکە بکەینەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئایا پەکەکە لەو ئاستەدایە کە شەڕی هەرێمی کوردستان بکات؟**

- مەسەلەکە راستەوخۆ پەیوەست نییە بە پەکەکە، هەندێك دەوڵەتی دراوسێی هەرێمی کوردستان ئەگەر بەرژەوەندییان لەوەدا بێت، کێشە و ئاڵۆزی لەم ناوچەیە دروست بکەن، ئەوا بە رێگەی پەکەکە دروستی دەکەن، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندییان لە سەقامگیریی ئەم ناوچەیەدا بێت، پەکەکە ناتوانێت هیچ بکات، ئێستا پەکەکە خۆی لە تەنگژەیەکی گەورەدایە و لە ژێر گوشارێکی هێزی ئاسمانی تورکیادایە و ناتوانن سەری خۆیان هەڵبڕن، بۆیە بە ناچاری خۆیان خزاندۆتە ناو گوندە سنوورییەکانی باشوورەوە و بەهۆی ئەوانیشەوە رۆژانە بۆمبباران دەکرێن، بۆیە ئەگەر پەکەکە هەوڵبدات کێشە و تەنگژە بۆ باشوور دروست بکات، بە پلەی یەکەم خۆی زەرەر دەکات، لەبەر ئەوەی ئێرەش دەکاتە دوژمنی خۆی، سەبارەت بەو هێزەشی کە رایگەیاندووە لە باشوور دروستی کردووە، ئەوانە زۆر کەمن لەنێوان ٢٠-٣٠ چەکدار دەبن، پەکەکە ئێستا هێزەکانی بڵاوە پێکردووە و هێزێکی ئەوتۆی نییە بتوانێت هێرش بکات، تەنیا ئەگەر بتوانن کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن، هێزی پەکەکە سێ جۆرە، یەکەمیان هێزی شەهیدەکانیەتی، دووەم هێزی ئەوانەی لە پەکەکە جیابوونەتەوە، سێیەم، ئەوانەی ئێستا لە چیان، راشکاوانە دەیڵێم، ئەو هێزەی ئێستای پەکەکە لە دوو هێزەکەی دیکە زۆر کەمترە، بۆیە پەکەکە ئێستا لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە، خۆی بە هەندێك دەوڵەتی ئیقلیمی وەك ئێران هەڵواسیوە، بەڵام ئێرانیش تەنیا لەو کاتانە کاری بە پەکەکەیە کە مەبەستی بێت ئەرکەکانی خۆی پێ جێبەجێ بکات.

## دیمانەی تایبەت



ئاشکرایە کە لە دوای بڕیاری ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا و دووبارە سەپاندنەوەی سزا ئابوورییەکان و چڕکردنەوەی هەڵمەتەکانی لە دژی ئەو وڵاتە، دۆخێکی پڕ لە بارگرژی دروست بووە کە زۆر کەس بە نیگەرانییەوە لەم پەرەسەندنانە دەڕوانن و باس لە ئەگەر و مەترسیی هەڵکشانی زیاتری ئەم ئاڵۆزییانەش دەکرێت، هەموو ئەمانە چەند پەرەسەندن و پێشهاتێکن کە جێگەی هەڵوێستە و تێڕامانن و پێویستیان بە شرۆڤەکاری زیاترە، بۆ لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئەم بارودۆخە و تاوتوێکردنی ئەگەر و ئاراستەکانی، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی ڕێگاچارەکانی خاوکردنەوەی ئەم گرژییانە و رەواندنەوەی ئەگەرەکانی زیاتر هەڵکشانی ئەم دۆخە گوڵان دیمانەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ جێفری ڤاندێن بێرگ کە سەرۆکی بەشی زانستی سیاسی و بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی دروری، هەروەها وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوە و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.

جێفری ڤاندێن بێرگ
سەرۆکی بەشی زانستی سیاسی و بەڕێوەبەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی درووری بۆ گوڵان:

# بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران مەترسیدارن

*** هەروەك ئاشكرایە لە ئێستادا و بەشێوەیەکی گشتی دۆخێکی نالەبار باڵی بە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، کێشە و قەیرانەکانی ئەم ناوچەیە سەخت و دژوارن، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە پرسیاری لەبارەوە بکەین، بریتییە لە بارگرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم گرژییانەی حاڵی حازر بوونیان هەیە لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێراندا، تا دوارادە مەترسیدارن و لە هەمان کاتدا پاساویان نییە. لە راستیدا ئەم قەیرانە بەهۆی بڕیارێکی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە دروست بوو، کە ئەویش بریتی بوو لە پێشێلکردنی رێککەوتننامە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا کە دواتر بە شێوەیەکی تاکلایەنە سزای بەسەر ئەو وڵاتەشدا سەپاندەوە. ئەوەی جێی داخە، کە رەنگە بتوانین بڵێین ئەمە پێشبینیکراویش بوو، کاردانەوە و پەرچەکرداری ئێران بووە لەوەی بە شێوەی هەنگاوبەهەنگاو رێژەی پیتاندنی یۆرانیۆم زیاتر بکات و لەم رووەشەوە ئەو سنوورەی تێپەڕاند کە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا دیاری کراوە، و بگرە لە رووی سەربازییەوە هەنگاوی ئیستفزازیش بگرێتەبەر وەك دەست بەسەرداگرتنی کەشتییەکی بارهەڵگری بەریتانا.

*** هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد، ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشایەوە و دووبارە سزاکانی بەسەر ئێراندا سەپاندەوە، کە ئەم ئیدارەیە ئێستا دەیەوێت بە هەڵمەتی ئەوپەڕی فشار، ئێران بخاتە ناچارکردنەوە، کە پێی دەوترێت دیپلۆماسییەتی ناچارکردن، بەڵام ئەو رەخنەیەی لەم رێچکەیە دەگیرێت، ئەوەیە کە ئەمە زیاتر ناچارکردنە وەك لەوەی دیپلۆماسییەت بێت، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەی کە پێی وایە سەرجەم هەڵمەتەکەی ئیدارەی سەرۆك

**ئەوەی جێی داخە و پێشبینیکراویش بوو، کاردانەوە و پەرچەکرداری ئێران بوو لەوەی بە شێوەی هەنگاوبەهەنگاو رێژەی پیتاندنی یۆرانیۆم زیاتر بکات و لەم رووەشەوە سنووری تێپەڕاند**

**کۆشکی سپی چەند داواکارییەکی خستەبە بەردەم ئێران کە خودی ئەم ئیدارەیە دەزانێت ئێران قبووڵیان ناکات، واتە ئامانجە سەرەکییەکەی ئیدارەی ئەمریکا بریتییە لە ئیفلیجکردنی حکومەتی ئێران**

**سیاسەتەکانی ئیدارەی ئەمریکا بوونەتە هۆی بەهێزکردنی هەڵوێستی کەسە سەختگیرەکانی نێو ئێران کە هەر لە بنەڕەتدا دژایەتی و بەرهەڵستیی خۆیان بۆ رێککەوتنە ئەتۆمییەکە راگەیاند**

**دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکان و فڕاندنی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان، بە شێوەیەک کە پێشێلکاری لەخۆبگرێت، بۆ نێو ئاوە نێودەوڵەتییەکان و کردەوەکانی دیکەی ئێران هەموویان بیانوو دەدەنە دەست ئەمریکا بۆ پاڵپشتیکردن لە هەڵگیرساندنی ناکۆکی**

دۆناڵد ترەمپ- بە ناوی هەڵمەتی ئەوپەڕی فشار- بریتییە لە ناچارکردن، بە بێ ئەوەی هیچ لایەن و توخمێکی جدیی دیپلۆماسی لەخۆبگرێت. ئێمە دەزانین ئیدارەی کۆشکی سپی چەند داواکارییەکی خستەبە بەردەم ئێران کە خودی ئەم ئیدارەیە دەزانێت ئێران قبووڵیان ناکات، لەم روانگەیەوە پێم وایە ئامانجە سەرەکییەکەی ئیدارەی ئەمریکا بریتییە لە ئیفلیجکردنی حکومەتی ئێرانی.

*** ئێوە باس لەوە دەکەن کە ئامانجی راستەقینەی ئیدارەی ئەمریکا بریتییە لە پەکخستنی حکومەتی ئێرانی کە ئاشکرایە سزا ئابوورییە سەپێندراوەکانی سەر ئێران لەلایەن ئەمریکاوە کێشە و دژوارییەکی دارایی گەورەی لە نێو ئێراندا دروست کردووە، ئایا پێت وایە ئەم سزا سەختانە ئێران ناچار بە ئەنجامدانی سازشی قورس بکەن، بەتایبەتی کە ئابووریی ئەو وڵاتە لەژێر بارگرانییەکی گەورەدایە؟**


- ئەوە ئەگەرێکی دوورە کە حکومەتی ئێران سازش بکات لە بەرامبەر داواکارییەکانی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپدا، بە چاوپۆشین لە سەختی و دژوارییە ئابوورییەکان. بەداخەوە، سیاسەتەکانی ئیدارەی ئەمریکا بوونەتە هۆی بەهێزکردنی هەڵوێستی کەسە سەختگیرەکانی نێو ئێران کە هەر لە بنەڕەتدا دژایەتی و بەرهەڵستیی خۆیان بۆ رێککەوتنە ئەتۆمییەکە راگەیاند و لەبری ئەوە پشتیوانی لە رێچکەی بەرەنگاربوونەوە دەکەن لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ستراتیژیەتی ئێران لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە هەوڵی دروستکردنی درزێک دەدات لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپادا و هەوڵ دەدات بە دەر لە ئەمریکا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە دروست بکات لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووریدا. ئێمە دەبێت چاوەڕوان بکەین و ببینین ئایا ئەم پەرەسەندنانە بە چ ئاراستەیەکدا دەچن، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە پێدەچێت کار و کردەوە ئیستفزازییەکانی ئێران لە ناوچەی کەنداودا و لە دژی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دەرئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە. وا دەردەکەوێت کە ئامانجی پشت ئەم کردەوەیەی ئێران ئەوە بێت کە قەیرانەکە بەرەو هەڵشکانی زیاتر ببات و یەکێتیی ئەورووپا ناچار بکات، کارێک ئەنجام بدات، بەڵام وا دیارە کە ئەم کارەی ئێران هاوسۆزی زیاتر بۆ هەڵوێستی ئەمریکا زیاتر بکات، بەو پێیە پێدەچێت ئێران کەوتێتە تەڵەکەی ئەمریکاوە.

*** باشە ئێمە دەزانین کە ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ رێچکەیەکی دیاریکراو لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا دەگرێتەبەر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی کە هاوشێوەی کاری بازرگانی و بزنسە، بەڵام ئەوەی لەم رووەوە جێی سەرنجە و بگرە جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە شێوازی مامەڵەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ ئەوەیە کە دەیەوێت رێککەوتنێکی گشتگیر و هەمەلایەن لەگەڵ ئێراندا بکات کە لایەنەکانی دیکەی بەدەر لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەش بگرێتەوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێوە هیچ دژیەکییەك لەمەدا بەدی ناکەن؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ جدیی نییە لە گەیشتن بە رێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێراندا. لەبری ئەوە، هەوڵی ئەوە دەدات خۆی وا بخاتەڕوو کە کراوەیە بە رووی ئەگەر و دەرفەتە دیپلۆماتییەکاندا، لە کاتێکدا واقیعەکە ئەوەیە کە ئەوان دەزانن ئەو مەرج و داواکارییانەی دەیخەنەڕوو، قابیلی قبوولکردن نیین لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە.

*** باشە لە نێوەندی ئەم هەموو گرژی و ئاڵۆزی و بێ متمانەییەدا دەکرێت و پێویستە چی بکرێت بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان و هێورکردنەوەی دۆخەکە، یان ئەوەتا پەرەسەندنەکە بە چەشنێکن کە چیتر ئەم ئەگەرە لە ئارادا نەماوە و هەردوو وڵات بە شێوەیەکی حەتمی لە سەر رێڕەوی پێکدانن، بەتایبەتی کە ئێران رایگەیاندووە لە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاودا پابەندبوونەکانی خۆی بە رێککەوتنەکە کەم دەکاتەوە؟**

- لەم ساتەوەختەدا باشترین ئومێدێك کە بتوانین هەمان بێت ئەوەیە کە مەیلی شەخسی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ خۆبەدوورگرتن لە هەر پابەندبوونێکی سەربازی زاڵ بێت بەسەر



گوتاری توندی کەسانی دەوروبەری، وەك راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، جۆن بۆڵتۆن. لە هەمان کاتدا ئێرانیش پەنا نەباتەبەر گرتنەبەری هەنگاوێك کە دەکرێت لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکرێتە بیانوو و پاساوێك بۆ گرتنەبەری کردەوەیەکی سەربازی. دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکان و فڕاندنی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان، بە شێوەیەك کە پێشێلکاری لەخۆبگرێت، بۆ نێو ئاوە نێودەوڵەتییەکان و کردەوەکانی دیکەی ئێران هەموویان بیانوو دەدەنە دەست ئەمریکا بۆ پاڵپشتیکردن لە هەڵگیرساندنی ناکۆکی، کە هەموو ئەم کردەوانەش دەرئەنجامی نەخوازراویان لێدەکەوێتەوە لە پەیوەندی بە پشتیوانیی ئەوروپاوە بۆ رێککەوتنە ئەتۆمییەکە.

*** مەسەلەیەکی دیکە کە جێی سەرنجە لە شێوازی کارکردنی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەکارهێنانی پاداشت و دەستکەوتی ئابوورییە بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان لەم ناوچەیەدا، هەروەك ئەوەی لە دەستپێشخەریی ئابووری ئەم دواییەی ئیدارەی ئەمریکادا، لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت: «سەفقەی سەدە»، خرایەڕوو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە و ئایا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران دەبێت؟**

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەوەی پێی دەوترێت سەفقەی سەدە، هیچ دەرئەنجام و کاریگەرییەکی لێناکەوێتەوە لەسەر خاوکردنەوە و هێورکردنەوەی بارگرژییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا. بەڵکو ئەم دەستپێشخەرییە کاریگەری و دەرئەنجامێکی تەواو پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە ئامانجی سەرەکیی پلانەکە بریتییە لە نەهێشتنی کێشەی فەلەستین وەك ئاستەنگێك لەبەردەم هاوکاریی زیاتری نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی (بە سەرکردایەتیی عەرەبستانی سعودیە) بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران.

**ئەوەی پێی دەوترێت سەفقەی سەدە، هیچ دەرئەنجام و کاریگەرییەکی لێناکەوێتەوە لەسەر خاوکردنەوە و هێورکردنەوەی بارگرژییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا**

بینێ مینتێ

پرۆفیسۆری کاروباری گشتیی لە زانکۆی رۆتگێرس بۆ گوڵان:

# ئەگەر خەڵکی بوونە چەقی سیاسەتەکان ئەوا دەکرێت بڵێین حوکمڕانیی باش لە ئارادایە

نکۆڵی لەوە ناکرێت کە بنیاتنانی حوکمڕانییەکی باش و کارا، ئەرك و تەحەددییەکی دژوار و درێژخایەنە، ئەو کۆمەڵگەیانەی لەم بوارەدا هەنگاویان هەڵگرتووە، توانیویانە دۆخەکە بە ئاراستەیەکی ئەرێنیدا ببەن و لە دەرئەنجامدا تا رادەیەکی بەرچاو سەقامگیریی سیاسی و گەشەکردنی ئابووری و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنن، بە پێچەوانەوە ئەو کۆمەڵگەیانەی لەم رووەوە نەیانتوانیوە بەرەوپێش بچن، بە دەست چەندین قەیران و تەنگژەوە دەناڵێنن و بگرە هەندێ جار سەرچاوەکانی وڵاتەکانیان بەتایبەتی سەرچاوە سروشتییەکانیان بەهەدەر داوە و، تەنانەت ئەم سەرچاوانە بوونەتە مایەی بەدبەختی و نەهامەتی بۆ وڵاتەکە، بە چەشنێك کە نائارامیی سیاسی باڵی کێشاوە بەسەر کۆمەڵگەکەدا و دۆخی ئابووریش بە دەست چەقبەستن و پووکانەوە گرفتار بووە و، پەرتەوازەیی



و دابەشبوونیش سەرتاپای کۆمەڵگەکەی گرتۆتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر رەهەند و خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی حوکمڕانیی باش و چۆنیەتی بنیاتنانی حوکمڕانییەکی لەم چەشنە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ (بینێ مینتێ) کە پرۆفیسۆرە لە سکوڵی بەڕێوەبردن و کاروباری گشتیی لە زانکۆی روتگێرس و بە شێوەیەکی گشتی لە توێژینەوەکانیدا بایەخ دەدات بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئیدارەدان و سیاسەتی گشتی، دیراساتی پەیوەست بە ئاشتی و ئاسایش، تیرۆریزم و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، مافەکانی مرۆڤ و کاروبارە مرۆییەکان، دیراساتی پەیوەندیدار بە پرسەکانی دیموکراسی و پەرەپێدانەوە، بە قاچاخبردنی ماددە هۆشبەرەکان و چەك و مرۆڤەوە، دەقی دیمانەکەش لێرەدا بڵاو کراوەتەوە.

*** سەرەتا دەمانەوێت تێڕوانین و بۆچوونی ئێوە بزانین لەبارەی چەمکی حوکمڕانیی باشەوە، ئایا چۆن لەم چەمکە تێبگەین و پێناسەکەی چییە؟ ئایا گرنگترین و بەرچاوترین ڕەهەند و خەسڵەتە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانی حوکمڕانیی باش چین کە بکرێت ئاماژەیان پێ بکرێت؟**

- ئەوەی لێرەدا دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە خەسڵەت و تایبەتمەندە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی چەمکی حوکمڕانیی باش لە ڕۆژگار و سەردەمی سەدەی بیست و یەکدا بریتییە لەو پرۆسەی حوکمڕانییەی کە مرۆڤ، یان خەڵك دەکاتە چەق و ناوەندی سیاسەتەکانی، کاتێك دەڵێم سیاسەتێك کە تێیدا خەڵك چەقی قورسایی بێت، ئەوا مەبەستم ئەو سیاسەتەیە کە مایەی دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسایشە بۆ خەڵك، لێرەشدا دەبێت چەمکی ئاسایش و ئارامی بە تێگەیشتنێکی بەربڵاو وەربگرین و تەنیا لە یەك ڕەهەنددا کورتی نەکەینەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ئەو سیاسەتانەی پیادە دەکرێن، ئاسایشی خۆراك، ئاسایشی کار و پەروەردە و چاودێریی تەندروستی و ڕەخساندنی دەرفەت و بەشداریکردنی سیاسی و.. هتد دەستەبەر و فەراهەم بکەن. کەواتە من لەم گۆشەنیگایەوە لە پرس و چەمکی حوکمڕانی دەڕوانم و پێم وایە دەبێت ئەو لایەنانە بەدی بێنێت کە ئاماژەم پێکردن.

*** ئەگەر ئێمە چەمکی حوکمڕانیی باش گرێ بدەینەوە بە پرسی سەرچاوە سروشتییەکان و ئەو حاڵەتەی پێی دەوترێت «نەفرەتی سەرچاوەکان»، ئەوا دەبینین لە هەندێ لە وڵاتانی دەوڵەمەند بە سەرچاوە سروشتییەکان نەك نەتوانراوە سوود لەم سەرچاوانە وەربگیرێت بۆ بنیاتنانی حوکمڕانیی باش، بەڵکو ئەم سەرچاوانە بوونەتە مایەی نەهامەتی و بەدبەختیش بۆ ئەو وڵاتانە، تێڕوانین و تێگەیشتنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی من دەکرێت بە ڕادەیەکی گەورە سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەو حاڵەتەی پێی دەوترێت نەفرەتی سەرچاوەکان بگەڕێنینەوە بۆ هۆکارێکی دیاریکراو، کە ئەو هۆکارەش بریتییە لە بوونی سەرکردایەتیی لاوازی سیاسی، کە نەتوانێت لە ئاست ئەداکردنی ئەرکەکانیدا بێت. مەبەستم ئەوەیە سەرکردایەتیی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەوەی ئایا لەو وڵاتەدا پرۆسەی حوکمرانی بە چەشنێك بنیاتنراوە و ئیدارە دەدرێت کە خەڵکی بووبێتە چەقی لەبەرچاوگرتن و بایەخپێدانی سیاسەتەکانی و بەو پێیە حکومەتەکەش کارا و کاریگەر دەبێت. بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین سەرجەم ئەو وڵاتانەی خاوەن سەرچاوەی کانزایی و سەرچاوەی سروشتین، گرفتار و گیرۆدە نین بەدەست نەفرەتی سەرچاوەکانەوە، واتە هەندێ وڵاتی دەوڵەمەند بە سەرچاوەکان هەن کە توانیویانە لە ئاست ئەرکەکانیاندا بن و بتوانن خواستەکانی خەڵك بەدی بێنن. من دووپاتی دەکەمەوە کە بە ڕادەیەکی سەرەکی سەرچاوە و هۆکاری کێشەکە لەم ڕووەوە بریتییە لە جۆری سەرکردایەتییە سیاسییە دەسەڵاتدارەکەی وڵاتەکە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە لە هەردوو وڵاتی نەیجیریا و عێراق بڕوانین، دەبینین لەبری ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی ئەم وڵاتانە بە باشی ئەم سەرچاوانە بەکار بهێنن بۆ دەستەبەرکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکەکە و کۆمەڵگەکە، ئەوا ئەو سەرچاوانە بە چەشنێك بەکار دەهێنن کە بە شێوەیەکی سەرەکی خزمەت بە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆیان بکات. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە لە وڵاتی نەیجیریا بڕوانین کە یەکێك لە وڵاتە گەورەکانە لە ڕووی بەرهەمهێنانی نەوتەوە، دەبینین لە هەمان کاتدا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین ڕێژەی هەژاری هەیە لە نێو دانیشتووانەکەیدا. هەروەها ئەگەر لە وڵاتی عێراق بڕوانین، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەم وڵاتە زۆر دەوڵەمەندە لە ڕووی بوونی سەرچاوە سروشتییەکانەوە، بەڵام دەبینیت سەرجەم ناوچەکانی ئەم وڵاتە وەك یەك سوودمەند نەبوون لە داهاتی ئەم سەرچاوانە، ڕاستە ڕەنگە هەندێ لە هەلومەرجەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت، ئەگەر بەراورد بکرێت بەو بارودۆخەی لە سەروەختی ڕژێمی سەدامدا لەئارادا بوو، ڕەنگە بتوانین بڵێین هەندێ بەرەوپێشچوون بەدی هاتووە، بەڵام دەکرا کاری زۆر زیاتر ئەنجام بدرێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە هۆکاری بەهەدەردانی داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان بریتییە لە لاوازی و شکستی سەرکردایەتیی سیاسیی وڵاتەکە، ئایا دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین: مەسەلەکە پەیوەست نییە بە نەفرەتی سەرچاوەکانەوە، هێندەی ئەوەی پەیوەندیدارە بە نەفرەتی حوکمڕانیی خراپەوە،**

**هەندێ وڵاتی دەوڵەمەند بە سەرچاوەکان هەن کە توانیویانە لە ئاست ئەرکەکانیاندا بن و بتوانن خواستەکانی خەڵک بەدی بێنن**

**عێراق لە ڕووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام سەرجەم ناوچەکانی ئەم وڵاتە وەک یەک لە داهاتی ئەم سەرچاوانە سوودمەند نەبوون**

**نەفرەتی سەرچاوەکان زادە و دەرهاویشتەی شکستی حوکمڕانی و سەرکردایەتیی سیاسییە لەو وڵاتانەی کە حاڵەتی نەفرەتی سەرچاوەکانیان تێدا بەدی دەکرێت**

**کاتێک هاووڵاتیان دوورەپەرێز دەخرێن و نکۆڵی لە مافە سیاسییەکانیان دەکرێت، زەمینەیەکی لەبار دروست دەبێت کە پاڵنەریان دەبێت بۆ ئەوەی بچنە ڕیزی گرووپە تیرۆریستی و توندڕەوەکانەوە**

**یان با بڵێین تێڕوانینی ئێوە لەسەر پەیوەندیی نێوان نەفرەتی سەرچاوەکان و نەفرەتی حوکمڕانیی خراپ چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئەوە بڵێین کە چەمکی نەفرەتی سەرچاوەکان لەلایەن کۆمەڵناسەکانەوە داهێنرا، کاتێك سەرنجی ئەو حاڵەتەیان دا کە چۆن بوونی سەرچاوە سروشتییەکان لە هەندێ وڵاتدا سەری کێشاوە بۆ دروستبوونی ناسەقامگیرییەکی بەربڵاو. بە کورتی ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، راستی تێدایە، بەڵام رەنگە لەبری ئەوەی بوترێت نەفرەتی حوکمڕانیی خراپ، باشترە بوترێت شکستی سەرکردایەتی و حوکمڕانی، کەواتە لێرەوە بڕوانین، ئەوا دەتوانین بڵێین کە چەند فاکتەرێك بوونەتە هۆکاری دروستبوون و گەشەکردنی ئەم گرووپە تیرۆریستییانە، بە دڵنیاییەوە دەکرێت لەم رووەوە باس لەوە بکەین کە پاڵنەری هەندێکیان بریتییە لە فاکتەری ئایدیۆلۆژی کە ئەمەش گرێ دراوەتەوە بە فاکتەری ئایینییەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمە ناتوانین ئەوە نادیدە بگرین کە خەڵکی یان دانیشتووانەکە یان هاووڵاتیان لە رووی سیاسییەوە بێبەشکراو و دوورەپەرێزخراون، ئەمەش دۆخێك دەخولقێنێت کە ئەم گرووپانە بێن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و برەودان بە ئامانجەکانیان سوود لەم دۆخە نالەبارە وەربگرن و، کار لەسەر



دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامە و بڵێین کە نەفرەتی سەرچاوەکان زادە و دەرهاویشتەی شکستی حوکمڕانی و سەرکردایەتیی سیاسییە لەو وڵاتانەی کە حاڵەتی نەفرەتی سەرچاوەکانیان تێدا بەدی دەکرێت.

*** مەسەلەیەکی دیکە کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستیەوە گرفتارە، بریتییە لە سەرهەڵدان و دروستبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان کە کاولکاری و کوشتارێکی زۆریان بەرپا کردووە لەم وڵاتانەدا، بەتایبەتی ئێمە بینیمان کە چۆن بەشێکی زۆری هەردوو وڵاتی سووریا و عێراق لەلایەن ئەم هێز و گرووپانەوە وێران کران و ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش کوژران و ئاوارە بوون، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت بە رادەیەکی گەورە هۆکاری دروستبوونی ئەم گرووپانەش بە چەشنی نەفرەتی سەرچاوەکان، بۆ شکستی سەرکردایەتیی سیاسیی ئەم وڵاتانە بگەڕێنینەوە؟**

- لە راستیدا ئەگەر ئێمە لە سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستییەکانی ئەم سەردەم و رۆژگارە خەڵکەکە بکەن، بۆ ئەوەی بچنە نێو ریزی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە. کەواتە ناکرێت ئەم حاڵەتە لەبەرچاو نەگرین، چونکە هەندێ جار هاووڵاتیان لە رووی سیاسییەوە دوورەپەرێز دەخرێن و نکۆڵی لە مافە سیاسییەکانیان دەکرێت، ئەو کاتەش زەمینەیەکی لەبار دروست دەبێت، بۆ ئەوەی ئەم خەڵکانە پاڵنەری ئەوەیان بۆ دروست بێت، کە بچنە ریزی گرووپە تیرۆریستی و توندڕەوەکانەوە. ئێمە دەتوانین لەم رووەوە ئاماژە بە ئەزموونی هەردوو وڵاتی عێراق و نەیجیریا بکەین، کە ئەم حاڵەتەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت، کەواتە بە دڵنیاییەوە دەتوانین ئاماژە بەم هۆکارە بکەین کە بۆتە هۆی دروستبوون و گەشەکردنی ئەو گرووپانە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین تاوەکو بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەری ئەو هۆکارانە نەکرێت کە دەبنە هۆی دروستبوون و گەشەکردنی ئەو گرووپانە، ئەوا دەکرێت بڵێین سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە دەرئەنجامێکی حەتمییە؟**

بەڵێ، ئەمە تەواو راستە.

**چەمکی نەفرەتی سەرچاوەکان کاتێک داهێنرا کە چۆن بوونی سەرچاوە سروشتییەکان لە هەندێ وڵاتدا سەری کێشاوە بۆ دروستبوونی ناسەقامگیرییەکی بەربڵاو**

# ئیسلامی سیاسی لە پاکستان

لە ساڵی ١٩٠٦ موسڵمانانی نیمچە کیشوەری هیندی هاوبەندیی ئیسلامییان لە شاری (دەکا) ی پایتەختی ئێستای بەنگلادیش دامەزراند، کە بووە ناوەندێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موسڵمانان لە نیمچە کیشوەری هیندی Indian Subcontinent، ئەو زاراوەیەش ئەم دەوڵەتانە دەگرێتەوە (هیندستان India، پاکستان Pakistan، بەنگلادیش Bangladesh، نیپال Nepal، بوتان Bhutan، مالدیڤ Maldives وسریلانکا Sri Lanka)، دواتر محەمەد عەلی جیناح (دامەزرێنەری پاکستان) هاتە ناویەوە و بەمەش هەر خۆی بوو بە سەرۆکی هاوبەندیی ئیسلامی، مەبەستیش لەم هاوبەندییە رووبەڕووبوونەوەی گرووپە توندڕەوەکانی هیندۆس بوو، کە دەیانەویست یەکسانی بکەن لەنێوان ناسنامەی هیندی و هیندۆسیدا، پێیان وا بوو کە هەموو هیندییەك دەبێت هیندۆسی بێت، چونکە هیندۆسی ناسنامەی دەوڵەت و نەتەوە و گەلە، مەهاتما غاندی سەرۆکی حزبی کۆنگرەی هیندی هەوڵیدا دژی ئەم بانگەشانە بوەستێتەوە، هیند بۆ هیندۆس و موسڵمان و سیخ و بوزی بێت، بۆیە بەهۆی بانگەوازە مرۆییەکەی لە ساڵی ١٩٤٨ بەدەستی توندڕەوێکی هیندۆسی نەتەوەپەرست کە ناوی ناسورام فینایاك جودس بوو، دوای سەربەخۆبوونی پاکستان، مەهاتما تیرۆرکرا، بەڵام محەمەد عەلی جیناح جەختی دەکردەوە لەسەر جیاکردنەوەی موسڵمانان لە هیندۆس لە رێی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بۆیان، ئەمەش وایکرد لە ساڵی ١٩٤٧داوای سەربەخۆیی پاکستان و جیابوونەوە لە هیندستان بکات و بووە یەکەم سەرۆك کۆماری ئیسلامیی پاکستان، غاندی هەوڵیدا جیناح قایل بکات واز لە بیرۆکەی جیابوونەوە بهێنێت، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە پێی وا بوو کە مانەوەی موسڵمانان لە هیندستان رووبەڕووی مەترسیی ئایندەیان دەکاتەوە، محەمەد جیناح یاقوت عەلی خانی راسپارد بە پێکهێنانی یەکەم حکومەت دوای سەربەخۆیی، بەڵام لە ساڵی ١٩٥١ کوژرا، خواجە نیزامەدین هاتە جێی، هەردووکیان ئەندامی هاوبەندیی ئیسلامی بوون، محەمەد عەلی جیناح ساڵێك دوای سەربەخۆیی کۆچی دوایی کرد و خەونەکەی لە بنیاتنانی پاکستان نەهاتەدی، لە ساڵی ١٩٥٦ ژەنەڕاڵ ئەسکەندەر میرزا بوو بە سەرۆك کۆمار، لە ساڵی ١٩٥٨ میرزا دەستووری پەکخست و حوکمی عورفیی راگەیاند، بەڵام ژەنەڕاڵ ئەیوب خان سنوورێکی بۆ دانا، ئەوە بوو لە کودەتایەکی سەربازیدا کاتێ وەزیری بەرگری بوو، هەرەسی پێ هێنا، دواتر هەموو حزبەکانی قەدەغەکرد، دەستوورێکی تازەشی بۆ وڵات دەرکرد، ناوی دەوڵەتەکەشی لە کۆماری ئیسلامیی پاکستانەوە گۆڕی بۆ کۆماری پاکستان، لە ساڵی ١٩٦٠ سیستەمی حوکمی کردە سەرۆکایەتی، هیچ

**لە ساڵی ١٩٦٩ ژەنەڕاڵ ئاغا محەمەد یەحیا خان دەسەڵاتی ئەیوب خانی رووخاند و دەستووری پەکخست، لە ساڵی ١٩٧٠ هەڵبژاردنی رێکخست، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ئاشووب و پاشاگەردانی لە وڵات**



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

گرنگییەك بۆ سەرۆك وەزیران نەما، لە ساڵی ١٩٦٩ ژەنەڕاڵ ئاغا محەمەد یەحیا خان دەسەڵاتی ئەیوب خانی رووخاند و دەستووری پەکخست، لە ساڵی ١٩٧٠ هەڵبژاردنی رێکخست، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ئاشووب و پاشاگەردانی لە وڵات، لە ساڵی ١٩٧١ دەسەڵاتی کۆتایی هات دوای ئەوەی چەند ئەفسەرێك داوایان کرد دەست لە کار بکێشێتەوە، ئەو کات پاکستان لەبەردەم هیندستان لە شەڕی کشمیردا گورزێکی گەورەی بەرکەوت، بەنگلادیش ( پاکستانی رۆژهەڵات) لە پاکستان جیابووەوە، زولفەقار عەلی بۆتو لە ساڵی ١٩٧١ دوای بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکان دەسەڵاتی گرتەدەست، تا ساڵی ١٩٧٣ مایەوە و لە ساڵی ١٩٧٧ بوو بە سەرۆك وەزیران، پێشتریش لە ساڵی ١٩٦٧ زولفەقار حزبی گەلی پاکستانی دامەزراندبوو کە بە پارێزگاریکردن لە ناسنامەی ئیسلامیی دەوڵەت ئاراستەی سۆسیالیستی هەبوو، ئەویش رۆڵی هەبوو لەوەی پاکستان ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن ئەتۆم، چونکە دوای مانگێك لە وەرگرتنی سەرۆکایەتی، زولفەقار پەنجا زانای ئەتۆمیی پاکستانی لە شاری مولتانی نزیك هیندستان کۆکردەوە، ئەو لە دەوڵەتێکی هەژار و بە عەقڵێکی پاکستانی و سامانی عەرەبی بەتایبەتیش سعودی و لیبی پاکستانی کردە دەوڵەتێکی ئەتۆمی، تا بەرەنگاری هەڕەشەکانی هیندستان ببێتەوە، ئەگەر زولفەقار نەبوایە پاکستان دەبووە پارووبەکی جووراوی دەوڵەتانی زلهێزی وەك چین و هیندستان، بەڵام ئێستا حەوتەم گەورە دەوڵەتی چەکدارە لە جیهان، سوپای پاکستانیش لە رووی شارەزایی و هێز و مەشقەوە میراتگری سوپای بەریتانییە، لەگەڵ ئەوەشدا ژەنەڕاڵ محەمەد زیا حەق لە ساڵی ١٩٧٧ کودەتایەکی دژی بەرپاکرد، تەنانەت لە ساڵی ١٩٧٩ لەسێدارەشی دا، زیا حەق یاسای فریاگوزاری لە ساڵی ١٩٧٧ تا ساڵی ١٩٨٨ راگەیاند، ئەوەش وایکرد کە ماڵباتی بۆتۆ وڵات جێبێڵن و ماوەی دە ساڵ لە تاراوگە مانەوە، رۆژئاواش لە هەموو روویەکەوە پشتگیریی زیا حەقی کرد، هەروەها عەرەبیش پشتگیرییان کرد لە رووی ماددییەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕی یەکێتیی سۆڤییەت دژی ئەفغانستان، لە ساڵی ١٩٨٨ زیا حەق لە تەقینەوەی فڕۆکەکەیدا گیانی لەدەستدا، ئەو پشتگیریی نەواز شەریفی دەرکرد بۆ بەر هەڵستیی ماڵباتی بۆتۆ، چونکە ئەو پێشتر سەر بە گرووپی تەبلیغ بوو و دەیویست پاکستان بکاتە دەوڵەتێکی ئیسلامی، بەنازیر بۆتۆی کچی گەڕایەوە و بوو بە سەرۆکی حزبی گەل، لە ساڵی ١٩٨٨ دەسەڵاتی گرتەدەست، ململانێی نێوان ئەو کچەو نەواز شەریف (١١) ساڵ درێژەی کێشا، وڵاتیش کەوتە نێو ئاشوب و بێ سەروبەریی ئایینی و تایفەگەرییەوە، بەنازیر بۆتۆ لە ١٩٨٨ ساڵی تا ساڵی ١٩٩٠ حوکمی کرد، تا لەو ساڵەدا غولام ئیسحاق خان

**زولفەقار پەنجا زانای ئەتۆمیی پاکستانی لە شاری مولتانی نزیک هیندستان کۆکردەوە، ئەو لە دەوڵەتێکی هەژار و بە عەقڵێکی پاکستانی و سامانی عەرەبی بەتایبەتیش سعودی و لیبی، پاکستانی کردە دەوڵەتێکی ئەتۆمی تا بەرەنگاری هەڕەشەکانی هیندستان ببێتەوە**

**ئەگەر زولفەقار نەبوایە پاکستان دەبووە پارووێکی دەوڵەتانی زلهێزی وەک چین و هیندستان، بەڵام ئێستا حەوتەم گەورە دەوڵەتی چەکدارە لە جیهان، سوپای پاکستانیش لە رووی شارەزایی و هێز و مەشقەوە میراتگری سوپای بەریتانییە**

**دوای شەڕی ئەمریکا دژی بزووتنەوەی تاڵیبان پەروێز موشەڕەف بوو بە هاوپەیمانی ئەمریکا لە شەڕی دژ بە تیرۆر، ئاسمانی پاکستانی واڵاکرد بۆ فڕۆکەکانی ئەمریکا تا لە چەکدارانی تاڵیبان و قاعیدە بدەن، لەبەر ئەو هاوپەیمانییە بێ سنوورەیدا لەگەڵ ئەمریکا، هێزی تایبەتی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ لە شاری ئەبوت ئاباد ئوسامە بن لادنیان کوشت**

**ئیخوان موسلمین لە سەرەتای سەربەخۆبوونیدا گەیشتە پاکستان، ئەوکات کۆمەڵی ئیسلامیشی لێ بوو، چونکە لە ساڵی ١٩٤١ لە لاهور دامەزرابوو کاتێ چەند زانایەکی پاکستانی لە سەرتاسەری وڵات کۆبوونەوەو کۆمەڵی ئیسلامییان لە نیمچە دورگەی هیندی راگەیاند، ئەبو ئەعلا مەودودی بە ئەمیر هەڵبژێردرا**

حکومەتەکەی رووخاند لەبەر گەندەڵی و ململانێ، دواتر نەواز شەریف سەرکەوتنی بەدەست هێناو لە ساڵی ١٩٩٠ تا ساڵی ١٩٩٣ حوکمی کرد، ئینجا بەنازیر لە ساڵی ١٩٩٣ تا ساڵی ١٩٩٦ جارێکی دی حوکمی گرتەوە دەست، تا لە ساڵی ١٩٩٦ فاروق لیگاری سەرۆکی پاکستان حکومەتەکەی رووخاند، ئەو ئافرەتە پاکستانی جێهێشت و دوای ماوەیەك لە ساڵی ٢٠٠٧ گەڕایەوە و بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا کرد، لە کاتی بەشداریکردنی لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەنازیر بۆتۆ لە راولبەندی لە ساڵی ٢٠٠٧ تیرۆرکرا، بەڵام ئاسف عەلی زەرداریی مێردی لەجیاتی ئەو بەشداری کرد و بەهۆی کوشتنی ژنەکەیەوە گەل هاوسۆزی بوو و بەم شێوەیە سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

دوای لەکارلابردنی حکومەتی بەنازیر لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە، نەواز شەریف لە ساڵی ١٩٩٦ تا ساڵی ١٩٩٩ حوکمی کرد، دواتر ژەنەڕاڵ پەروێز موشەرەف لە ساڵی ١٩٩٩ کودەتایەکی بەسەر نەوازدا کرد، پەروێزیش سەر بە گرووپی هاوبەندیی ئیسلامییە، پەروێز ساڵی ٢٠٠١ بەڵێنیدا حزبێك بە ناوی هاوبەندیی ئیسلامی باڵی سەرکردەی مەزن دابمەزرێنێت، مەبەستیشی دامەزرێنەری پاکستان محەمەد عەلی بوو، جا لەبەر ئەوەی نەواز سووکایەتی بە هاوبەندییەکە کردبوو بە دیدی پەروێز، بۆیە گرووپێك هەبوو بەناوی هاوبەندیی ئیسلامی باڵی نەواز شەریف، پەروێز بە پێکهێنانی حزبە تازەکەی هەڵوێستی نزاز شەریفی لاوازکردو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ سەرکەوت و بوو بە سەرۆکی شەرعی بۆ پێنج ساڵ، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو حزبەش بۆ چۆدری شەجاعەت حوسێن نزیك لە سوپا دەگەڕێتەوە، دواتر پەروێز بە فەرمی رایگەیاند، دوای شەڕی ئەمریکا دژی بزووتنەوەی تاڵیبان پەروێزموشەڕەف بوو بە هاوپەیمانی ئەمریکا لە شەڕی دژ بە تیرۆر، ئاسمانی پاکستانی واڵاکرد بۆ فڕۆکەکانی ئەمریکا تا لە چەکدارانی تاڵیبان و قاعیدە بدەن، لەبەر ئەو هاوپەیمانییە بێ سنوورەیدا لەگەڵ ئەمریکا، هێزی تایبەتی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ لە شاری ئەبوت ئاباد ئوسامە بن لادنیان کوشت، رۆژ دوای رۆژ گەلی پاکستان زیاتر لە سیاسەتی پەروێز تووڕەتر بوو، بە بووکەڵەی ئەمریکا ناویان دەبرد، چەند هۆکارێك هەبوون لەپشت لەناوبردنی پەروێز:

١- هاویەپمانیی بێ سنوور لەگەڵ ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١.

٢- پەکخستنی دەستوور و راگەیاندنی باری نائاسایی.

٣- دەرکردنی دادوەران و سەرۆکی دادگای باڵا ئیفتیخار محەمەد چودری، لەبەر ناکۆکیی نێوانیان، کە لە دەسەڵاتی ئەویشدا نەبوو.

٤- هێزەکانی هەڵیانکوتایە سەر مزگەوتی سوور (لال مەسجد) لە پایتەخت، کە گەورەترین مزگەوتە، بە پاساوی سەرپێچیی یاسا، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ هەزاران قوتابیی تێدا کوژرا.

٥- لەکارلادانی رزگارکەری پاکستان زانای ئەتۆم عەبدولقەدیر خان کە راوێژکاری زانستیی حکومەت بوو.

٦- تۆمەتبارکرا بە کوشتنی بەنازیر بۆتۆ لە ساڵی ٢٠٠٧.

٧- تۆمەتبارکرا بە کوشتنی سەرۆکی بلوچەکان نواب ئەکبەرخان لە ساڵی ٢٠٠٦ کە سەرۆکی هەڵمەتی وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ هەرێمی بلوچستان کە گەورەترین و دەوڵەمەندترین هەرێمی پاکستانە.

٨- پێشێلکردنی ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکانی ئۆپۆزسیۆن واژووی کردبوو.

٩- تۆقەکردنی لەگەڵ ئێرییل شارۆن سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠٠٥ لە پەراوێزی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەم فاکتەرانە پێکەوە بوونە هۆی سەرهەڵدانی تووڕەیی میللی و لەناوبردنی و دواجار هەڵاتنی بۆ تاراوگە لە بەریتانیا، پارتی گەل بە سەرۆکایەتیی ئاسف عەلی زەرداری سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لە ساڵی ٢٠١٣ نواز شەریف سەرکەوت، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧ دوای دزەکردنی کاغەزەکانی پەنەما Panama Papers و تۆمەتبارکردنی بە تاوانی دارایی لادرا، دادگاش رێگەی لێگرت تا مابێت هیچ پۆستێك وەرنەگرێت و دە ساڵیش زیندانیی بۆ دەرکرد، هاوبەندیی ئیسلامی شەهید خاقان عەباسیی تا ساڵی ٢٠١٨ کاندیدکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، دواجار عومران خان سەرۆك وەزیرانی ئێستای پاکستان پێشکەوت و لە ساڵی ١٩٩٥ بزووتنەوەیەکی نیشتمانی لە پێناو دادپەروەری لە پاکستان دامەزراند، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە وڵاتەکەی لە جامی جیهانیی

یاریی کریکیت لە ساڵی ١٩٩٢ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، وازی لە وەرزش هێناو هاتە نێو سیاسەتەوە، لە دژی پەروێز کەوتە جووڵەو لە ساڵی ٢٠٠٨ لێدرا، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٣ بەشداریی کرد و دەنگی تەواوی نەهێنا، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ بەسەر کاندیدی سێ گەورە حزبدا سەرکەوت کە شەهباز شەریف بوو برای نەواز شەریف.

ئەگەر هاوبەندیی ئیسلامی بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی کۆنی بەهێز بوویێت و پێش سەربەخۆیی پاکستان دامەزرابێت، ئەوا کۆمەڵی ئیسلامی لەو بەهێزترە، بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە هاوبەندیی ئیسلامی بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی پاکستانییە لە واقیعی پاکستانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەرچی کۆمەڵی ئیسلامییە ئەزموونێکی دەرەکییە لە وڵاتانی عەرەبییەوەو بەتایبەتیش لە میسرەوە گواستراوەتەوە، لێکچوونێکی زۆر هەیە لەنێوان کۆمەڵی ئیسلامی و ئیخوان موسلمین، کۆمەڵ دژی جیابوونەوەی پاکستان بوو لە هیندستان بە پێچەوانەی هاوبەندیی ئیسلامی، دوای ئەوەی محەمەد عەلی جیناح سەربەخۆیی پاکستانی ڕاگەیاند، شاندێکی کۆمەڵی ئیخوان موسلمینی میسری بە سەرۆکایەتیی ساڵح عەشماوی لە ساڵی ١٩٤٧ سەردانی پاکستانی کردو نامەیەکی پیرۆزبایی لە حەسەن بەننای ڕابەری گشتیی گەیاندە محەمەد عەلی جیناح کە ڕایگەیاندبوو پاکستان دەوڵەتێکی ئیسلامیی سەربەخۆیە، هەروەها نامەیان ئالوگۆڕدەکرد، ئیخوان موسلمین لە سەرەتای سەربەخۆبوونیدا گەیشتە پاکستان، ئەوکات کۆمەڵی ئیسلامیشی لێ بوو، چونکە لە ساڵی ١٩٤١ لە لاهور دامەزرابوو کاتێ چەند زانایەکی پاکستانی لە سەرتاسەری وڵات کۆبوونەوەو کۆمەڵی ئیسلامییان لە نیمچە دورگەی هیندی ڕاگەیاند، ئەبو ئەعلا مەودودی بە ئەمیر هەڵبژێردرا، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی پاکستان مەودودی لە پاکستان مایەوە و کۆمەڵیش بوو بە دووبەشەوە، بەشی پاکستان بە سەرۆکایەتیی خۆی، بەشی هیندستان بە سەرۆکایەتیی ئەبو لەیس ئیسلاحی، هەردوو بەشیش لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە یەك بوون لەگەڵ جیاوازیی نیشتمان، لقێکیشی ساڵی ١٩٧١لە بەنگلادیش هەبوو دوای جیابوونەوە لە پاکستان، لە ساڵی ١٩٤٨دا دوای سەربەخۆیی پاکستان بە ساڵێك مەودودی داوای جێبەجێ کردنی شەریعەتی کرد، حکومەتیش دەستگیری کرد، بەڵام خەڵکەکە هاوسۆزبوو لەگەڵ مەودودی، دواجار حکومەت لە ساڵی ١٩٤٩ بە داواکارییەکانی قایل بوو، لە ساڵی ١٩٥٠ ئازادی کرد، لە ساڵی ١٩٥١ ژمارەیەکی زۆری زانایانی موسڵمان لە سەرجەم تایفەکان لە شاری کەراچی کۆبوونەوە بۆ نووسینەوەی پێشنیازگەلێك تایبەت بە داڕشتنەوەی دەستوورێکی ئیسلامی بۆ وڵات، بەڵام حکومەت لێی بێ دەنگ بوو، تا لە ساڵی ١٩٥٣ حوکمی سەربازیی لە لاهور ڕاگەیاند، مەودودی دەستگیرکراو بڕیاری لە سێدارەدانی درا، بەڵام فشاری ناوخۆو دەرەوە وایان لە حکومەت کرد بۆ هەتاهەتایی زیندانیی بکات، فشارەکان زیاتر بوون تا حکومەت بڕیاریدا لە ساڵی ١٩٥٥ ئازادی بکات، لە ساڵی ١٩٥٦ حکومەت بە دەستوری ئیسلامی قایل بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٨ کودەتای سەربازی بە سەرۆکایەتیی ئەیوب خان ئەنجام درا و ئەویش دەستوورێکی نوێی دیکەی لە ساڵی ١٩٦٣ ڕاگەیاند، کۆمەڵی ئیسلامی قەدەغەکرد و مەودودیشی دەستگیرکرد، بەڵام دادگا لە ساڵی ١٩٦٤ بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە و مەودودی و هاوڕێ زیندانیکراوەکانیشی ئازادکرد، لە ساڵی ١٩٧٢ لەبەر نەخۆشی مەودودی دەستی لە کار کێشایەوە، دوای ئەو میان توفەیل بوو بە ئەمیر تا ساڵی ١٩٨٧، دوای مردنی ئەو قازی حوسێن هات، ئەویش لە ٢٠٠٩ لەبەر باری تەندروستی وازی هێنا، سەید مونەوەر حەسەن شوێنی گرتەوە، ئەویش دوای ئەوەی کۆمەڵ لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی کەمی هێنا دەستی لە کار کێشایەوە، لەئێستادا سیراج حەق سەرۆکی کۆمەڵەیە، کاریگەریی کۆمەڵی ئیسلامی لە پاکستان لاوازبوو، بەتایبەتیش دوای لێکترازانی نێو کۆمەڵ و پەیدابوونی کۆمەڵی دیکەی ئیسلامی لە پاکستان، لە ساڵی ١٩٨١ بزووتنەوەی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیی لێ جیابۆوە کە مەلا سۆفی محەمەد دایمەزراندبوو، ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ تاڵیبان لە ئەفغانستان دژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەشداریی شەڕی کرد، دواتر مەلا سۆفی لەلایەن ئەمریکاوە لە دوورگەی گوانتانامۆ زیندانی کرا، دوای ئەوە ئەمریکا ڕادەستی پاکستانی کردەوە و جارێکی دیکە زیندانی کرایەوە، پاش ئەو مەلا فەزلوڵلای کوڕی

**لە ساڵی ١٩٥١ ژمارەیەکی زۆری زانایانی موسڵمان لە سەرجەم تایفەکان لە شاری کەراچی کۆبوونەوە بۆ نووسینەوەی پێشنیارگەلێک تایبەت بە داڕشتنەوەی دەستوورێکی ئیسلامی بۆ وڵات، بەڵام حکومەت لێی بێ دەنگ بوو، تا لە ساڵی ١٩٥٣ حوکمی سەربازیی لە لاهور ڕاگەیاند**

**هەواڵگریی پاکستان دەستی هەبووە لە دروستکردنی ئەو گرووپانەو پشتگیریکردنیان دژی داگیرکردنی هیندستان بۆ کشمیر دوای شکستی سەربازیی پاکستان لەبەرامبەر هیندستاندا، ئەو دوو وڵاتە سێ جار شەڕیان کردووە و خەریک بوو لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ چوارەم جاریش بەشەڕبێن**

**دوای سەربەخۆیی هیندستان لەژێر حوکمی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٤٧ پاکستان و هیندستان ڕێککەوتن کە ویلایەتەکان بەپێی زۆرینەی ئایین دابەش بکەن، ئەمە پێشنیازێکی بەریتانی بوو، زۆرینەی موسڵمانی هەر شارێک سەر بە پاکستانە، زۆرینەی هیندۆسی هەر شارێکیش سەر بە هیندستانە، بەم شێوەیە دابەشکران**

**نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی جێبەجێ کرد بۆ راگرتنی شەڕ و پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بە خەڵکی کشمیر لەمیانی راپرسییەکی گشتیدا، بەڵام هیندستان رەتی کردەوە**

**پاکستان بەوە ناسراوە کە (١٤) هەزار قوتابخانەی ئایینی لەسەر مەزهەبی حەنەفی هەیە و (٥) ملیۆن قوتابی تێیدا دەخوێنن، ئەم قوتابخانانە بەردەوام چەکداری شەڕکەریان لێ دەردەچێت و بەشداریی کردەوەی جیهادی دەکەن**

**لە ساڵی ٢٠١٤ سوپای پاکستان ئۆپەراسیۆنی گورزی تووڕەی ئەنجامدا و بزووتنەوەی تالیبانی لەناوبرد، ئەندامەکانی هەڵاتن و دوای سەرهەڵدانی داعش لێکترازا، بزووتنەوەکەش وتەبێژەکەی و چەند ئەندامێکی دیکەی دوورخستەوە، کاتێ بەیعەتیان بە ئەمیری داعش ئەبوبەکر بەغدادی دا**

جێی گرتەوە و دژی سوپای پاکستان کەوتە شەڕ، لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆمەڵەکە قەدەغەکرا، لە ساڵی ٢٠٠٨ حکومەتی پاکستان مەلا سۆفیی ئازادکرد، دوای رێککەوتن لەسەر جێبەجێ کردنی شەریعەت لە ناوچەی وادی سوات، بەڵام رێککەوتنەکە شکستی هێنا، لە ساڵی ٢٠٠٩ سەرلەنوێ رووبەڕووی یەکدی بوونەوە، بەڵام مەلا سۆفی هەڵاتە ئەفغانستان، لەو گرووپانەی دەرکەوتن و کاریگەریی کۆمەڵی ئیسلامییان لاوازکرد کۆمەڵی دەعوەی ئیسلامی بوو کە لە ساڵی ١٩٨٥ دامەزرا و پێشتر بە سەنتەری دەعوە و ئیرشاد دەناسرا، کە گرووپێکی سەلەفی بوو و دکتۆر حافز محەمەد سەعید وەك گرووپێکی بانگخوازی و خێرخوازی دایمەزراندبوو، چەندین نەخۆشخانە و پەیمانگە و زانکۆی لە لاهور هەیە، هیندستان ئەو گرووپەی بەوە تۆمەتبارکرد کە لەپشت ئەو هێرشەوە بووە کە لە ساڵی ٢٠٠١ کرایە سەر پەرلەمانی هیندستان لە نیودەلهی، دواتر پاکستان لە ساڵی ٢٠٠٢ گرووپەکەی قەدەغەکرد، لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستگیری کرد و دواجار ئازادی کرد و ئیدی رووی کردە کاری خێرخوازی و بانگخوازی، رۆژئاواش ئەو گرووپەی خستە لیستی تیرۆرەوە و ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٢ بڕی ١٠ ملیۆن دۆلاری بۆ سەری حافز سەعید تەرخانکرد، دوای ئەو عەبدولواحید کشمیری سەرکردایەتیی باڵی سەربازیی گرووپەکەی کرد دژی هیندستان لە کشمیر، لە ساڵی ٢٠٠٨ گرووپەکە چەند بارەگایەکی لە مۆمبای کردە ئامانج و (١٧٠) کەسی کوشت، بەڵام دیارە ئەم گرووپی باڵی سەربازیی چەکدارییە بە لەشکری تیبە ناسراوە و لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزراوە، کە گەورەترین باڵی سەربازییە لە باشووری ئاسیا، لە ساڵی ١٩٨٧ تا ساڵی ١٩٨٨ دژی هێزەکانی رووسیا لە ئەفغانستان دەجەنگا، دوای شکستی رووسیا، زیاتر تەرکیزی کردەسەر بەرەنگاربوونەوەی هیندستان لە کشمیر حافز سەعید وازی لە گرووپەکە هێناو لە ساڵی ٢٠٠١ رووی لە کاری خێرخوازی کرد، بەڵام عەبدولواحید کشمیری بەردەوام بوو لە سەرکردایەتیکردنی باڵی سەربازی بۆ شەڕ دژی هیندستان لە کشمیر، هەروەها گرووپێکی دیکەش هەیە کە دژی هیندستان شەڕدەکات لە کشمیر کە بزووتنەوەی موجاهیدینی پاکستانییە، لە ساڵی ١٩٩٧ لەلایەن فەزلولڵا رەحمان خەلیل دامەزراوەو لە موزەفەر ئابادی پایتەختی کشمیری پاکستانی نیشتەجێیە، ئەمریکا سەرکردەکەی لە لیستی تیرۆر داناوە، چونکە لە ساڵی ١٩٩٩ پەیوەندیی بە قاعیدەوە هەبووە، پاکستانیش لە ساڵی ٢٠٠١ دەستگیری کرد، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ فتوایدا بەوەی کە بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا و بەتایبەتیش ئەمریکا رەوایە، گرووپێکی دیکەش هەیە بە ناوی سوپای محەمەد کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بە سەرۆکایەتیی مەسعود ئەزهەر دامەزرا و بەرامبەر سوپای هیندستان شەڕدەکات، ئەزهەر ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی ئەنسار بوو، لە ساڵی ١٩٩٤ هیندستان دەستگیری کرد، بەڵام بە رێککەوتنێك ئازادکرا بەرامبەر رفێنەرانی فڕۆکەی هیندستانی کە لە نیپالەوە بەرەو قەندەهار بەڕێوەبوو، رفاندیان و داوایان لە هیندستان کرد دەستگیرکراوان لەناویشیاندا مەسعود ئەزهەر ئازادبکرێت، ئەم گرووپە سوننەیەو سەر بە رەوتی دیوبەندییە و جیاوازە لە سوپای محەمەدی شیعی بە سەرۆکایەتیی مورید عەباس یەزدانی، بێگومان هەواڵگریی پاکستان دەستی هەبووە لە دروستکردنی ئەو گرووپانەو پشتگیریکردنیان دژی داگیرکردنی هیندستان بۆ کشمیر دوای شکستی سەربازیی پاکستان لەبەرامبەر هیندستاندا، ئەو دوو وڵاتە سێ جار شەڕیان کردووە و خەریك بوو لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ چوارەم جاریش بەشەڕبێن، دوای سەربەخۆیی هیندستان لە ژێر حوکمی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٤٧ پاکستان و هیندستان رێککەوتن کە ویلایەتەکان بەپێی زۆرینەی ئایین دابەش بکەن، ئەمە پێشنیازێکی بەریتانی بوو، زۆرینەی موسڵمانی هەر شارێك سەر بە پاکستانە، زۆرینەی هیندۆسی هەر شارێکیش سەر بە هیندستانە، بەم شێوەیە دابەشکران، هەرێمی کشمیر کە هیندۆسەکان حوکمیان دەکرد بە سەرۆکایەتیی هاری سین وەك خۆی مایەوە، داوای کرد کە بێتە پاڵ هیندستانەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی کشمیر موسڵمانن، بەڵام لە پەرچەکرداری موسڵمانان ترسا، بۆیە داوای کرد بڕیارەکە رابگرێت، ئەمە بووەهۆی شەڕی نێوان موسڵمانان و ئیدارەی هیندۆس، پاکستان هاتە بەینەوە بۆ پشتگیریی موسڵمانانی کشمیر،

هیندستانیش بۆ پشتیوانیکردنی ئیدارەی هیندۆس، بۆیە یەکەم شەڕ لەبارەی کشمیرەوە روویدا، تا نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی جێبەجێ کرد بۆ راگرتنی شەڕ و پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بە خەڵکی کشمیر لەمیانی راپرسییەکی گشتیدا، بەڵام هیندستان رەتی کردەوە، چونکە ئەنجامەکەی دەزانی و بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش جێبەجێ نەکرا، هێڵێکی جیاکەرەوە هەیە لەنێوان کشمیری پاکستان و کشمیری هیندستان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین رووبەرێکی گەورە بە رێژەی ٤٣٪ لەژێر دەسەڵاتی هیندستانەو رێژەی ٣٧٪ لەژێر دەسەڵاتی پاکستاندایە، بۆیە پاکستانییەکان دەستبەرداری ئەم هەرێمە نابن، بەڵکو بەردەوام داوای دەکەن، لەبەرئەوە دەبینین گرووپگەلی ئایینی و نەتەوەیی پەیدادەبن و داوای جیابوونەوە لە هیندستان دەکەن، حەفتا ساڵ بەسەر ئەم ململانێیێدا تێدەپەڕێت، لەو گرووپە ئیسلامییانەش، کۆمەڵەی زانایانی پاکستان بە سەرۆکایەتیی سەمیع ئەلحەق ئەبو تاڵیبان کە رابەری رۆحیی بزووتنەوەی تاڵیبانی پاکستانییە، لە ساڵی تیرۆرکرا، پاکستان بەوە ناسراوە کە (١٤) هەزار قوتابخانەی ئایینیی لەسەر مەزهەبی حەنەفی هەیەو (٥) ملیۆن قوتابی تێیدا دەخوێنێت، ئەم قوتابخانانە بەردەوام چەکداری شەڕکەریان لێ دەردەچێت و بەشداریی کردەوەی جیهادی دەکەن، سەمیع ئەلحەق هاوپەیمان بوو لەگەڵ عومران خان سەرۆك وەزیرانی ئێستا، ئەویش لە کۆمەڵەی کۆنی زانایانی ئیسلامیی پاکستان جیابۆوە کە شێخ شبێر ئەحمەد عوسمانی دوای سەربەخۆیی پاکستان دایمەزراند، بەڵام تایبەت بە بزووتنەوەی تاڵیبانی پاکستان لە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزرا، سەرەتا دوای هێرشەکەی ئەمریکا دژی تاڵیبان لە ئەفغانستان سەری هەڵدا، لە ساڵی ٢٠٠٩ ناوی بزووتنەوەکەیان گۆڕی بۆ ئەنجومەنی شورای موجاهدین، پاکستان هەوڵیدا لە ساڵی ٢٠٠٣ و ساڵی ٢٠٠٤ لەناوی بەرێت بەڵام نەیتوانی، پاکستانیش لە ساڵی ٢٠٠٨ بە رێکخراوێکی تیرۆریستی هەژمارکرد، دواتر ئەمریکاش لە ساڵی ٢٠١٠ خستیە لیستی تیرۆرەوە، ئەو بزووتنەوەیە لە ساڵانی ٢٠٠٨و ٢٠٠٩ و ٢٠١١ چەندین کردەوەی تیرۆریستیی ئەنجامدا، لەوانە لە کەنیسە و هۆتێلی پایتەخت.

لە ساڵی ٢٠١٤ سوپای پاکستان ئۆپەراسیۆنی گورزی تووڕەی ئەنجامدا و بزووتنەوەی تالیبانی لەناوبرد، ئەندامەکانی هەڵاتن و دوای سەرهەڵدانی داعش لێکترازا، ئەوە بوو بزووتنەوەکە وتەبێژەکەی و چەند ئەندامێکی دیکەی دوورخستەوە، کاتێ بەیعەتیان بە ئەمیری داعش ئەبوبەکر بەغدادی دا، هەروەها گرووپگەلێکی دیکەی ئیسلامی هەبوون لێرەدا باسیان ناکەین، وەك گرووپی ئەهلی حەدیس بە سەرۆکایەتیی ساجد میر، کە گرووپێکی سەلەفییە، هەروەها کۆمەڵەی بریلۆیی زانایانی پاکستان، کە گرووپێکی سۆفیزمە کە شا ئەحمەد نورانی دایمەزراند، ئەوەی پەیوەستیشە بە شیعەی پاکستان ئەوان کەمینەن، ٢٠٪ی دانیشتوانن و ئەنجومەنێکی یەکێتیی موسڵمانانیان هەیە بە سەرۆکایەتیی راجا ناسر عەباس، ئەنجومەنێکە چەند حزبێکی شیعی لەخۆدەگرێت کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە.

هیندستان پێشکەوت و پاکستانیش دواکەوت لەبەر ئەو ململانێیە مێژووییە لەوەتەی سەربەخۆیی پاکستان لەنێوان گرووپە ئیسلامییەکان کە خوازیاری جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی بوون لەگەڵ گرووپە عەلمانییەکان کە پێچەوانەیان دەوێت، واتا بنیاتنانی دەوڵەتێکی مەدەنیی بەهێز لەگەڵ مانەوەی بە پێناسە ئیسلامییەکەی، بۆیە پاکستان بوو بە بنکەیەکی فراوانی پاکتاوکردنی سیاسی و ململانێی تیرەگەری و کوشتن و بەئامانجگرتنی دەوڵەتانی دیکە، گرووپە ئیسلامییە میانڕەوەکان کاریگەرییان لەدەستدا، تەنیا توندڕەوەکان مانەوە کە شەقام دەجووڵێنن، گرووپە مەدەنییەکانیش، یان بە کودەتای سەربازی هاتوون وەك زیا حەق و ئەیوب خان و پەروێز موشەرەف، ئەمەش لە شەقامی پاکستانی پەسند نییە، یانیش بە رێی شەرعی و بە هەڵبژاردن هاتوون بەڵام رۆچوونە نێو دۆسێی گەندەڵییەوە، وەك بەنازیر بۆتۆ و نەواز شەریف، کێشەی گرووپە ئیسلامییە میانڕەوەکان ئەوەیە کە خەمی یەکەم و کۆتاییان جێبەجێ کردنی شەریعەتە، کە تائێستا هیچ راوبۆچوونێکی تەواویان نەخستۆتەڕوو سەبارەت بە چەمکی ئەو دەوڵەتەی دەیانەوێت دایمەزرێنن، چونکە جێبەجێ کردنی فیقهی حەنەفی جێبەجێکردنی شەریعەت نییە.

**پاکستان دواکەوت لەبەر ئەو ململانێیە مێژووییە لەوەتەی سەربەخۆیی پاکستان لەنێوان گرووپە ئیسلامییەکان کە خوازیاری جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی بوون لەگەڵ گرووپە عەلمانییەکان کە پێچەوانەیان دەوێت**

**پاکستان بوو بە بنکەیەکی فراوانی پاکتاوکردنی سیاسی و ململانێی تیرەگەری و کوشتن و بەئامانجگرتنی دەوڵەتانی دیکە، گرووپە ئیسلامییە میانڕەوەکان کاریگەرییان لەدەست دا، تەنیا توندڕەوەکان مانەوە کە شەقام دەجووڵێنن**

**کێشەی گرووپە ئیسلامییە میانڕەوەکان ئەوەیە کە خەمی یەکەم و کۆتاییان جێبەجێکردنی شەریعەتە، کە تائێستا هیچ راوبۆچوونێکی تەواویان نەخستۆتەڕوو سەبارەت بە چەمکی ئەو دەوڵەتەی دەیانەوێت دایمەزرێنن**